DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi10.28

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# رامانەکانی عەلی شەریعەتیی سەبارەت بە مرۆڤبوون

**م.محەمەد جەودەت عومەر**

**بەشی فەلسەفە, زانکۆی سەلاحەددین.**

mmjjd77@yahoo.com

**پوختە**

مرۆڤ ئاڵۆزترین و پڕ نهێنیترین بوونەوەری ئەم گەردوونەیە، کە هەمیشە زانا و هزرمەند و فەیلەسووفەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، فەیلەسووفەکان بە بەردەوامی لەهەوڵدابوون بۆ ئەوەی نهێنیەکانی ئەم مرۆڤە ئاشکرا بکەن و، لایەنێک لە لایەنە گرنگەکانی بخەنەڕوو و بە وردیی راڤەی بکەن و لێی بکۆڵنەوە .دانا و بیرمەندان بەدرێژایی مێژوو لەهەوڵ و کۆششدا بوون هەتا ئاشنابن بە نهێنیەکانی ئەم بونەوەرە، ئەوان جێ دەستیان لەم بوارەدا دیارە، ئەوان خۆیان بەختکردووە هەتا لە رێگای رامان و وردبوونەوە و قووڵبوونەوەوە رۆبچنە نێو ناخ و وەدەروون و واقعی مرۆڤەوە، بیرمەندەکان بێوێنە هەوڵی خۆیان خستۆتەگەڕ لەپێناو ناسینی خود و گەوهەری مرۆڤ و ئاڕاستەکردنی بەرەو ئاستێکی باڵا و نموونەیی. لەنێوانیشیاندا (علی شەریعەتی) جێی ئاماژە و سەرنجی ئەم تۆێژینەوەیەیە، کە رامانێکی قووڵ و وردیی دەربارەی مرۆڤ و مرۆڤبوون بەجێهێناوە و، بگرە خودی چەمکی مرۆڤبوون یەکێک بووە لە تەوەرە سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی ئەم بیرمەندە مەزنە. لەبەرایی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەشێوەیەکی گشتیی دەربارەی چەمکی مرۆڤایەتیی و مرۆڤبوون شرۆڤەیەک بکرێت، پاشان لە رێی سەرنجدان لەبەرهەمەکانیەوە چ (نووسین) و چ (وتار) گۆشەنیگا و تێڕوانینەکانی دەربارەی چییەتیی و گەوهەری مرۆڤ و چەمکی هیۆمانیزم لە بونیادی هزریی شەریعەتیی لێکۆڵینەوەکە بەجێهێنراوە. دواتر ئاماژە بە خەسڵەتە سەرەکییەکانی مرۆڤبوون دەکرێت، کە شەریعەتیی بەسوودوەرگرتن لە هزری خۆی و هزری ئیسلامیی هەڵیاندەگۆزێت، ئەو باس لە بنەمایەکی ئەوتۆ دەکات, کە مرۆڤ دەتوانێت لە رێی رزگاربوونی لە کۆسپ و تەگەرەکان بگات بە مرۆڤبوونێکی باڵا و کامڵ، لەکۆتاییشدا گرنگیی رمانەکانی شەریعەتیی دەربارەی مرۆڤبوون و مرۆڤ، نموونەکانی بۆ ئەم سەردەمە لەبەرچاوگیراوە.

کلییلە وشەکان: شەریعەت، مرۆڤبوون، مرۆڤدارێتیی، رەسەنایەتیی مرۆڤ، مرۆڤی نموونەیی، خەسڵەتەکانی خودا

Recieved: 1/9/2021
Accepted: 16/9/2021



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

مـرۆڤ بەهایەکـی فرەڕهـا و سـەنگینە وەکـو پێویسـت بایەخـی پێنـەدراوە، ڕەنگـە ئەمـە تاڕادەیـەک سەرسـوڕهێنەر بێـت، لـە پێنـاو مرۆڤبووونـدا بـە تەنهـا ئـەوە بـەس نیـە بوونەوەرێـک بیـن و پرۆسـەی هزراندنمـان هەبێـت و بـەردەوام لەبازنـەی بیرکردنەوەدابیـن، یاخـود سـەرقاڵی هزریـن و تێفکریـن بیـن، نەخێـر ئەمـە بـەس نییـە بـۆ ئـەوەی ببیـن بـە مـرۆڤ یـان هەڵکشـێین بـەرەو ترۆپکـی مرۆڤبـوون، لەفۆرمـی فەلسـەفە و لۆژیکـی کلاسـیکدا تەنهـا بایـەخ بەلایەنـی هزریـی مـرۆڤ دراوە، چونکـە لـە فەلسـەفەدا عەقـڵ چەقـە و لـەم ڕوانگەیـەوە سـەیری مـرۆڤ دەکرێـت, بۆیـە وا پێناسـە کـراوە کـە مـرۆڤ (بوونەوەرێکـی ژیاریـی و هزرییـە ,,بـەڵام ئایـا (ژیاریـی) بـە تەنهـا لـە توانایدایـە ئێمـە بگەیەنێتـە ئاسـتی مرۆڤبـوون ؟ یـان (مرۆڤـی کامـڵ)؟ بەبـێ بەکارهێنانـی کـرۆک و ناوەڕۆکـی چەمکەکـە بەشـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت و مۆراڵانە.لـەم ڕوانگەیـەوە توێـژەر ئـەم پرسـیارانە دەخاتـە ڕوو بـۆ توێژینـەوە:

ئایا عەقڵ و ئاوەز و ژیریی توانای ئەوەیان هەیە مرۆڤ بەرەو مۆراڵ و بەها بەرزوباڵاکان ئاڕاستە بکەن؟

ئـەم بوونـەوەرە پێویسـتیی بەهۆشـیاریی و ئاگایـی هەیـە سـەبارەت بـە بـوون و خـودی خـۆی بەتایبـەتی لـەم سـەردەمەی ئێسـتادا، بۆیـە پێویسـتە ئێمـە هەڵوەسـتە بکەیـن و لەبـارەی هەندێـک بابـەت پرسـیار لەخـودی خۆمـان بکەیـن، بۆنموونـە: ئایـا بوونـی مـرۆڤ وەکـو بوونێکـی ڕاستەقینە دەرکەوتـووە؟ ئێمـە وەک مـرۆڤ بوونێکـی ڕاسـتەقینەمان هەیـە؟ ئایـا ئێمـە چەنـدە مرۆڤانـە ژیـان بەسـەردەبەین ؟

ئایا بەشێوەیەکیٍ شیاو هەڵسوکەوت دەکەین و ڕەفتار دەنوێنین؟

ئایا چۆن بتوانین هەم لەناوەڕۆک و هەم لە ڕوواڵەتدا مرۆڤ بین؟

ئایـا هیـچ بەهایەکـی ئەوتـۆ هەیـە شـایانی ئـەوە بێـت لەپێناویـدا بوونمـان بکەینـە قوربانیـی؟ ئایـا لەگـەڵ ونبوونـی ,یـان ئاوابوونـی ئـەم بەهایـەی ئێمـە چ بەهایـەک و چ ئەرزشـێکمان دەبێـت؟

گەڕانـەوە بـۆ مـرۆڤ و ناوەندگیریـی و بنەماکانـی مرۆڤپەروەریـی پێویسـتیەکی هەنووکەییـە بەتایبـەت لـەم سـەردەمەدا کـە پێـی دەوتـرێ سـەردەمی (کۆرۆنـا ڤایـرۆس) ,کـە مـرۆڤ تـەواو ژیانـی شـێواوە بەجۆریـک هییـچ مانایـەک بـۆ ژیـان نەماوەتـەوە،.

بۆیـە تـا دێـت مـرۆڤ بـەرەو شـەڕانگێزیی و یاخییبـوون دەچێـت و بـەرەو نامۆبـوون هەنـگاو دەنێـت، ئێسـتا بەچڕیـی مەترسـیی لەناوچوونمـان لـە ئارادایـە.

مـرۆڤ هییـچ کات ئەوەنـدە نەترسـاوە و بـەم شـێوەیە ڕووبـەڕووی دێوەزمـەی مـەرگ نەبۆتـەوە، بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا هەتـا ڕادەیەکـی زۆر مەترسیدارە و وای کـردوە بەهۆیـەوە مرۆڤبوونـی خۆمـان فەرامـۆش بکەیـن. جگـە لـەوەش بـە هـۆی سـەرقاڵبوونمان بەپێداویسـتی جەسـتەیی و هەبـووەکانی دەورووبەرمـان, ڕەوشی مرۆڤبـوون و بونیـادی مرۆڤایەتییـمان لەبیرکـردووە، ئێمـە دوورەپەرێزیـن لـەم چەمکانـەی کـە بەشـادەماری ڕرەوشـی مرۆڤپەروەریـی هەژماردەکرێـن، بگـرە هێنـدە دووریـن لـە ماهییـەت و ناخـی خۆمـان کـە جڵـەوی هـزر و ژیرییـمان کەوتووەتـە دەسـت ئـارەزووە لەبـن نەهاتووەکانمـان و هەمـوو شـتێک دەبەخشـین لەپێنـاو دابینکردنـی حـەز و خولیـا و خواسـتەکانمان، تەنانـەت بوونیشـمان کەوتووەتـە ژێـر مەترسـییەوە.

هەمـوو جەنگـەکان، تیرۆریـزم، تاکڕەویـی، فێـڵ و چەواشـەکاریی و بانگەشـەی بریقـەدار بەنـاوی مافـی مرۆڤـەوە

...هتد، شەڕەنگێزی و خۆپەرستیی و چاوچنۆکیی چ لەسەر ئاستی تاکەکەسیی و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و دەوڵەتدا، لەم دۆخە تاڵ و ناخۆش و ناهەموارەی ئێستادا رەنگیان داوەتەوە، چڕترین و کاریگەرترین رەنگدانەوەش تیرۆریزمە کەلە فۆرم و شێوازی جۆراوجۆردا رەنگدەداتەوە .

لەم سەردەمەی ئێستادا بە سەرنجدان لەسەر بیرمەندانێک، کە تێڕوانین و رامانەکانیان لە ناخ و واقیعی مرۆڤەوە سەرچاوەیان گرتووە و مرۆڤانە بەدوای مرۆڤبووندا وێڵن, ئەویش بە گەڕانەوە بۆناخ و دڵی خۆیان و دوورکەوتنەوە لە حەز و ئارەزووە بێ سنوورەکانیان، بەدڵنیاییەوە دەکرێ سوودیان لێ ببینرێن، یەکێک لەو بیرمەندە گەورانەی کە جێگای سەرنج و تیرامانە (علی شەریعەتی)یە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت بە پشتبەستن بە دیید و بۆچوونەکانی ئەم بیرمەندە گەورەیە، هەندێک چەمک و پرسی مرۆیی بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و تاوتوێ بکرێن، ئەو چەمکانە چۆن دەتوانن رێنوومایی بکەن و لە گێژاو و تێکەڵکێشی ڕزگارمان بکەن و لەو تەڵە و داوانەی خۆمان بۆ خۆمانمان داناوە لەئێستادا و گیرۆدەیان بووینە دەستمان بگرن و بەرەو رۆخی سەلامەتیی پەلکێشمان بکەن و لەکەناری ئاراميیدا رۆحە شپرزەکەمان بحەوێننەوە.

هەوڵ دەدەین بۆچونی (شەریعەتی) لەمەڕ چۆنییەتی بوون بە مرۆڤی ڕاستەقینە و نموونەکەی لەبەرچاوبگرین، تاکو بۆچارەسەرکردنی کێشە و ئاریشە کەڵەکەبووەکانی ئێستا هەنگاو بنێین، واتە ئەو دەرد و مەینەتیانەی مرۆڤبوونیان لەبیر بردوینەتەوە.

میتۆدی تۆژینەوەکە

تۆێژینەوەکە بەلێکدانەوە و ڕاڤە و شرۆڤەی بەرهەمەکانی (علی شەریعەتی) لەهەردوو میتۆدی شیکاریی و هێرمیونیتیکی سوود وەردەگرێت و خوازیارە لەتێکستەکانەوە ئەرگیومێنت و بەڵگە زانستی و لۆژیکییەکانی بکاتە هەوێنی باسەکە و پاساوی عەقڵانی بۆ تێز و تیۆر و بۆچوونەکانی بهێنێتەوە.

باسی یەکەم:دەست واژەی مرۆڤگەرایی:

## تەوەری یەکەم:

## چەمکی مرۆڤگەرایی (هیومانیزم، الانسانیه)[1] :

بە درێژایی مێژوو مرۆڤ پێوەری خۆی لە سەرچاوەی هەمە چەشنەوە وەرگرتوە کە دووربووە لە (خودێتی وچییەتی)ڕاستەقینەی خۆی، لەم پرۆسەیەدا سروشتی کردۆتە پێوەر یان ئەفسانە و جادوو یان هەندێک بیرباوەڕی بێ بنەمای کردۆتە دەسپێکی بڕیارە کۆتایی و یەکلاکەرەوەکانی دەربارەی مرۆڤ و مرۆڤبوون.

مرۆڤ لەسەرەتادا نەیتوانیوە زات وماهییەتی خۆی بکات بەپێوەر، هەمیشە کۆمەڵە شتێکی بەپیرۆز زانیوە وەک سیحروجادوو .. کەچی خۆی بەپیرۆز نەزانیوە، ئەم جۆرە پێوەرانەش بێگومان هاوسەنگ نەبوون و دووربوون لە حەقیقەتی مرۆڤەوە.

لەکاتێکدا مرۆڤ بونەوەرێکی هۆشیار و زرنگە و بگرە هۆشیاریەکەی هێندە کارایە کە سەبارەت بە بوونی خۆشی توانای گۆڕانکاری هەیە، لەو رۆژهوەی کە مرۆڤ تێگەیشتووە لە حەقیقەت و گەورەیی خۆی هەوڵی

1 Humanisme-

داوە دۆخی خۆی بگۆڕێت لەسەر ئەو بنەمایەی کە تاکە بوونەوەرێکە لەگەردووندا بە هۆشیاریەوە توانای گۆڕانکاری هەیە، بۆیە خۆی بەسەنتەری گەردوون زانیوە.

لەم ڕوانگەیەوە هزری (مرۆڤگەرایی), یان (مرۆڤسەنتەری) سەری هەڵداوە بەتایبەت لەهزری ڕۆژئاوا, کە پێگە و چەمکی ڕەوتی مرۆڤگەرایی (ئینسانیەت) تیایدا واتا و مانای هەمەجۆر و فرەڕهەندی هەبووە و بۆتە هۆی ئەوەی ئەم چەمکە بە ئاسانی شرۆڤەی بۆنەکرێت، بۆیە پێناسە و واتای ئەم چەمکە کەمێک ئاڵۆز و تێکچرژاوە.(دیویس:١٣٨٧,ل١٧٣)

دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین , مێژوونووس و زمانزانی ئەڵمانی (جورج فویت) مامۆستا و توێژەری ئەدەبی یۆنانی کەیەکەمین کەسە زاراوەی مرۆڤگەرایی (ئینسانیەت) ی لەساڵی ١٨٥٦ بەکارهێناوە، ئەویش بەمەبەستی وەسفکردنی بزاوتی زیندووکردنەوەی زانین و فێربوونی ئەدەبیاتی کلاسیکی لەسەردەمی ڕۆشنگەری و لەپێناو زیندوکردنەوەی زانست و فێربوونی کلاسیکی لەڕاپەڕینی ئیتاليا.(هاشم,٢٠٠٥,ل٧٥)

وشەی مرۆیی (Humanist) لەچەمکی ئیتالی (umonista) هیومانیزم لەسەدەی (١٥)دا بەکاردەهێنرا، لەسەروبەندی شۆڕشی فەرەنسی و دواتریش لەئەڵمانیا بەتایبەت لەلایەن (هیگڵیەکان) چەمکی (مرۆڤایەتی) ,یان مرۆڤگەرایی (ئینسانیەت) (الانسانیه) ئاماژە بوو بۆ ئە وفەلسەفە و مۆڕاڵەی کە بایەخ و گرنگی بە مرۆڤ دەدات.

لە سەرەتای بزاڤی مۆڕاڵی لە سییەکانی سەدەی ٢٠چەمکی مرۆڤگەرایی (الانسانیه) ئاماژە بوو بۆ سروشتی سکیۆلاریزم، کەواتە ڕیشەی ئەم چەمکە بۆ ئەم دەستەواژە یۆنانیە دەگەڕێتەوە ((paeli enkiklio))(بۆفێربوونی هاوسەنگ) بەواتای فێربوون لەزانستی سروشت و کەسایەتی مرۆڤ, (کحیل,٢٠١٩,ل١٠٢و١٠٣) لەڕاستیدا چەمکی مرۆیی یان ئینسانی لەسەدەی ١٩ لەلایەن زانایەکی ئەڵمانیا بەکارهێنراوە بەمەبەستی ئاماژەکردن بە سیستمی پەروەردە و فێربوونی تازە کە مەبەست لێی بونیادنانی نەوجەوانانە لەسەر ڕۆشنبیری و ئەدەبی کۆن، بەتایبەت ئەدەبی لاتینی و ڕۆمانی، چونکە نموونەی بەرزی زانست و مەعریفەبوون دەبێتەهۆی شکۆمەندی مرۆڤ.

کەواتە سەرهەڵدانی چەمکی مرۆڤگەرایی لەسەرەتادا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەبووە بە زیندووکردنەوە و بونیادنانەوەی سیستمی پەروەدە و فێربوونی کلاسیکی و گەڕانەوە بۆئەدەبی کۆن , کەنموونەی مەعریفە ومۆڕاڵ بوو,بەڵام چەمکی مرۆڤگەرایی تەنها ئاماژە نەبوو بۆ ئەم بوارە بەڵکو بەهۆی ڕووداوەکانی مێژوو واتای دیکەی پەیداکرد بەتایبەت لەڕووی مەعریفیەوە:

لەکۆتایی سەدەی ١٩ و بەتایبەت ساڵی ١٨٧٧ چەمکی هۆمانیزم واتایەکی تری پەیداکرد کە ئاماژە بوو بۆ زانستی هزری و ڕۆشنبیری و فەلسەفی و ئەدەبی.(هەمان سەرچاوە,ل١٠٤)

لەفەرهەنگی (ئەندریە لالاندا) بەم شێوەیە پێناسەی ڕەوتی مرۆڤگەرایی کراوە: ((مرۆڤ سەنتەرە لەم گەردوونەدا، تەنها مرۆڤ سۆنگەی زانین ومەعریفەیە، بابەتەکانی بونیادنانی مرۆڤ و هەڵسەنگاندن و دوورخستنەوەی هەموو هۆکارێک بۆملکەچکردنی بۆ هێزی دەرەکی ئەفسانەیی، یان بەئامرازکردنی ببێتە مایەی نامۆبوونی مرۆڤ سەبارەت بە زاتی خۆی)), هەروەهابەمشێوەیەش پێناسەکراوە : پۆلێنکردنی مرۆڤ و سەرچاوەی زانین و فریادرەس تەنها خودی مرۆڤە. (لالاند,١٩٩٦,٥٦٩)بەهەمان شێوەش ووتراوە: مرۆڤگەرایی

بزوتنەوەیەکی هزری و فەلسەفیە، بێگومان ئەم جۆرە پێناسانە بۆمرۆڤگەرایی پێچەوانەی تێکستە ئاینییەکانی ئاسمانن، چونکە لەئاییندا ڕزگارکەری مرۆڤ تەنها خودایە بە تایبەت لەمەسیحیەتدا تەنها مەسیح رزگارکەری مرۆڤە،(ارکون٢٠٠٦,لا٢٣-و٢٤)

لەم ڕوانگەوە ڕەوتی مرۆڤگەرایی لەڕواڵەتدا پێچەوانەی بنەمای ئایینە چونکە پێی وایە هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکی بوونی نییە، ئەم ڕەوتەدان بە بوونی جیهانی میتافیزیکدا نانێت، بەڵام بیروڕا و بۆچوونێکی تر هەیە دەڵێت مرۆڤگەرایی هیۆمانیزم دابەش دەکرێت بۆ دوو ڕەوت باوەڕدار وەک(دیکارت) و بێباوەڕ(فویرباغ)،بەشێوەی فەلسەفەی بوونگەرایی کە مرۆڤگەراکان تیایدا دابەشبوونەتە سەر دوو گروپ.(بڕوان,١٣٧٥,لا١٣٣)

-تێڕوانینی شەریعەتی لەبارەی چەمکی مرۆڤگەرایی:

شەریعەتی پێی وایە: ((شارستانیەت تازە بنەمای ڕێبازی هزری خۆی لەسەر ئەم ڕەوتە(مرۆڤگەرایی) بونیاد ناوە, واتە (ڕەسەنایەتی بۆمرۆڤ) مرۆڤدۆستی . پرسەگرنگەکە لێرەدا ئەوەیە, کە ڕێباز وئایینەکانی پێشین کەسایەتی مرۆڤیان وێران کردووەو ناچاریان کردووە خۆیان قوربانی بکەن بۆ خوداکانیان, بەڵێ ئایینەکان مرۆڤیان ناچارکردووە دەست لە ویست وئیرادەی خۆی هەڵگرێت بۆئەوەی بێ ویست وئیرادە بێت بەرامبەربەخوداو بەپاڕانەوەو لالانەوە داوای یارمەتی لەو بکات,بەم هۆیەوە ڕێبازی (مرۆڤگەرایی) ڕێبازێکەلەدوای ڕۆشنگەری سەری هەڵداوە بۆئەوەی لەبەرامبەر ڕێبازی خودایی ومیتافیزیکەوە بوەستێتەوە، ئامانجی ئەم ڕێبازە بە ڕەسەنایەتی کردنی مرۆڤبوو،ئەمەش هەڵهێنجانی (هیومانیزم)ە، واتە ئەم ڕێبازە بایەخ و گرنگی زۆر بەمرۆڤ دەدات بە تایبەت لەڕووی هزر و ئازادی و هۆشیاریەوە، لێرەدا مرۆڤ کرا بەسەنتەر و پێوەر، ئەمە بووە هۆی دروستبوونی فەلسەفەیەکی تازە و تێڕوانینێکی نوێ بەناوی (مرۆڤگەرایی) کە مرۆڤ ڕزگاربکات لەچنگی بیروڕای پوچ و بیروباوەڕی پیاوانی ئایینی کە پێشتر مرۆڤیان بەم هۆیانەوە فەرامۆش کردبوو))(شریعتی. انسان واسلام١٣٥٨:لا٥)

بووچوونەکان بەئاڕاستەی ئەوەن کە پێناسەکردنی مرۆڤ بەشێوە لۆژیکی وفەلسەفیەکەی ئەستەمەو لەحوکمی مەحاڵدایە, چونکە دیدوبۆچوونە زانستی وهزرە فەلسەفیەکان وتێڕوانینە ئایینیەکان لەم بارەیەوە جیاوازن،مرۆڤ تاڕادەیەکی زۆرباش جیهانی دەرەوەی خۆی ناسیوە بەڵام تاکو ئێستا نەیتوانیوە بەباشی خۆی بناسێت و بگرەزۆریش لەحەقیقەتی خۆی دورکەوتوەتەوە بەئەندازەی فەرامۆش کردنی ، هەروەک زانای ئەم بوارە ( الیکسس کارل)ئاماژەی پێ دەکات کەیەکێکە لەدیارترین وناسراوترین کەسایەتیە بەناوبەنگەکانی جیهانی زانست وبەتایبەت مرۆڤناسی زانستی پێی وایە مرۆڤ کائینێکی نەناسراوە بەتایبەت لەڕووی سایکۆلوجی وهزریەوە.

شەریعەتی پێیوایە سەرەتای هەنگاونان بۆناسینی مرۆڤ ناسینی خودی خۆمانە, بەبێ ئەم ناسینە مرۆڤ ناتوانێت لەتاریکی شاراوەکانی خۆی ڕزگاری بێت، هەرچەندە ئەمڕۆ ئێمەلەجیهانی پێشکەوتوو داین وەدەستی زانست بە هەموو سروشت گەیشتوە بەڵام تاکو ئێستا لەبەرامبەرکۆمەڵە پرسیارێکی بێ وەڵام ماوەتەوەوهەندێک جار هەوڵی زۆری داوە بۆگەیشتن بە دەرنجامێک بەڵام لە کۆتاییدا بە دەرەنجامێک نەگەیشتووە تەنها پووچی وبێ واتایی بۆ ماوەتەوە،لەگەڵ بوونی ئەو هەموونەزانینە سەبارەت بە شتەشاراوەکانی دەربارەی دەستەواژەی بوون و وبوونی مرۆڤ هەیە،هەڵبەتە هەرڕێبازێکی ئایینی یان

قوتابخانەیەکی فەلسەفی ڕاڤەی تایبەتی خۆی هەیە بۆمرۆڤ، لێرەدا دەتوانین لەسەر خاڵە ڕیشەییەکان وبنەما سەرەکیەکان هاوڕابین کە جێگەی ڕێکەوتنی قوتابخانەو ڕێبازە هزربوزانستی وکۆمەڵایەتیەکانن ولەسەری ڕێککەوین.(شریعتی,١٣٩٢,لا٤٦-٤٥)

کۆی ئەم بنەما مرۆییانە کە زۆربەیان لەسەری هاوڕان, دەتوانین ناوی بنێین فەلسەفەی مرۆڤگەرایی(اهیومانیسیزم ) بەو واتایەی کەئەم ڕێبازە((ئامانجی بنەڕەتی خۆی ڕزگارکردن وکامڵکردنی مرۆڤە لەجیهاندا ومرۆڤ بوونەوەرێکی پڕبەهاوبەڕێزە, ئەو بنەمایانەی کە پێشنیازیان دەکات لەسەر بنەمای دابینکردنی پێویستی ونیازی بنەڕەتی مرۆڤ کە مرۆڤ خۆی دروستی دەکات)).

سەرەکیترین بنەما جۆریەکانی مرۆڤ لەفەلسەفەی مرۆڤگەرایی دا کەجێگای ڕێکەوتنی زۆربەیانە بەم جۆرەیە:

١-بوونی مرۆڤ لەسروشت دا بوونێکی بنەڕەتیەو جیاوازەجیاوازلە هەموو بوونەوەرکانی دیکە, مرۆڤ خودێکی سەربەخۆی هەیە,ویست وئیرادەیەکی تایبەت وجودای هەیە وخاوەن دەسەڵاتی خۆیەتی بۆیە خاوەن ئازادیە وەدەتوانێت زۆر بە ئازادانە بڕیاربدات وهەڵبژێرێت.

٢-مرۆڤ بوونەوەرێکی هوشیارو ئاگایە(ئاگاەمەندە) کە سەرەکیترین ودیارترین خەسڵەتە لەمرۆڤدا کە بیرکەرەوەیە ودەتوانێت لەجیهانی دەرەوە تێبگات وحاڵی ببێت. ئەو لەتوانایدایە شتە شارەواکان و نهێنیەکانی سروشت ئاشکرا بکات. لەڕاستیدا ئاگایی وهوشیاری گەوهەرێکی بنەڕەتیە لەمرۆڤدا.

٣-مرۆڤ بوونەوەرێکی هوشیار وخودئاگایە, تاکە بوونەوەرە کە کەزانستی ئامادەی هەیە لەنێو خودی خۆیدا, بۆیە دەتوانێت ڕاستەوخۆ خۆی بخاتە ژێرپرسیارەوە و ڕامان وخوێندنەوە وشیکاری سەبارەت بەخودی خۆی بکات و خۆی ڕاستەوخۆبناسێت.(همان,لا٦٢ )

٤-مرۆڤ بوونەوەرێکی داهێنەرە, داهێنان ودروستکردن لەگەڵ بوونیدا ئاوێتەیە, بۆیە ئەوەی دەیەوێت دەتوانێت لەسروشتدا ئەنجامی بدات وسوود لە سروشت وەربگرێت بۆ داهێنان ودروستکردنی ئەو شتەی کەخۆی دەیەوێت و دەیخوازێت .

٥-مرۆڤ بوونەوەرێکی ئامانجخواز وئایدیادۆستە, هیچ کات کۆڵ نادات و بەرامبەر ئەوەی کە هەیە ناوەستێت و خۆبەدەستەوە نادات وهەوڵدەدات گۆڕانکاری دروست بکات وهەروەها کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ژینگە وسروشت، ئەودەتوانێت ژینگەیەکی تازە دروستبکات,ئامانجخوازەو گەورەترین هۆکاری بزوێنەرە وتەواوکاری مرۆڤە کە سنوورەکان ببەزێنێت و گۆڕانکاری لەواقعیەتی خۆیدا بکات،ئەم ئامانجەش وا دەکات مرۆڤ هەمیشە بیربکاتەوە بۆئاشکراکردنی شتە شاراوەکان.

٦-مرۆڤبوونەوەرێکی ئەخلاقی ومۆڕالیە, لێرەدا باسی بەها دێتە ئاراوە کە بەها پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەیە،مرۆڤ ڕەفتار ودیاردەیە واتەجۆرێک لەپیرۆزی دەخرێتە پاڵ ,ئەوەی کەزۆرجێگای ڕامانە ئەوەیە لێرەدائاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کەئاڕاستەکردن هەرگیزناتوانێت ئاڕاستەکردنێکی سروشتی یان زانستی وعەقڵی بێت ولەم حاڵەتەدا ئەم هەستە بەناونیشانی باڵاترین ڕەنگدانەوەی بوونەو وەحدەتی بوونی مرۆڤە کە لەهەموو ڕێبازە زەمینی وئاسمانیەکاندا ئاماژەی پێکراوە کە عەشق وخۆشەویستی و ڕووداوەکان و ڕێز وحورمەت لەهەرفەرهەنگی هەرمیللەتێک وڕێبازێک کەهەیە فەرهەنگی گەورەی مرۆیی بونیاد دەنێت.(هەمان,لا٦٤-٦٥)٢

---

٢ - سوود لەم کتێبە وەرگیراوە (مرۆڤ).تەنها بۆبەراوردکاری ودارشنەکەی لەگەڵ وەرگێرانی خۆم (شەریعەتی,٢٠١٤,لا٦٥-٦٦)

### -تەوەری دووەم:

### ١-ڕەسەنەیاتی بۆمرۆڤە:

لەتیۆری مرۆڤگەرایی (ئومنیسم)ڕەسەنایەتی بۆمرۆڤە, بەڵام نەک بەواتای ئەوەی خۆی لەشوێنی خودا دابنێت وخۆی بکات بەخودا, چونکە مرۆڤ بریتیە لەکۆمەڵێک ئاکارو ڕەفتاری بەرزو جوان وباش, بۆیە دەبینین ڕێبازی مرۆڤگەرایی ڕەسەنایەتی دەبەخشێتە مرۆڤ ولەبەرامبەرخودا بەهایەکی سەربەخۆوتایبەتی هەیە, شەریعەتی پێی وایە بۆئەوەی باشتر لە پێگەی (هیومانیزم) تێبگەین پێویستە چیرۆکی دروست بوونی (ئادەم)کە لەئایینەکاندا هاتووە بخەینە بەرباس ولێکۆڵینەوە، بۆیە ((ڕەسەنایەتی مرۆڤ لەچیرۆکی سەرەتای دروستبوونی(ئادەم)داکەلەکتێبە ئاسمانییەکان و ئایینەسەرەتاییەکاندا باس کراوەوبەشێوەی هێما(رمز)ئاماژە بەڕەسەنایەتی مرۆڤ کراوە، ئەم ڕووداوە گەردوونیەبەشێوەیەکی حەقیقەتئامێزرەنگی داوەتەوە بەتایبەت لەدەقەکانی قورئانی پیرۆز کەباس لە سەرەتای دروست بوون دەکات بەتایبەت چیرۆکی سەرەتای دروستبوونی ئادەم و هەروەها(قابیل وهابیل) کە ئایین یەک ڕەهەندی هەیە ئەوڕەهەندەش تەنها مرۆڤە, لەم ڕەهەندەوە لق پۆپی تەواوی ڕەسەنایەتیەکان دەبنەوە لە(ڕەسەنایەتی کۆمەڵگاوە بۆڕەسەنایەتی ئابووری, بۆسروشت وڕەسەنایەتی گیان ومادەش, هەمووئەمانە گرنگی ڕەسەنایەتی خۆیان بەجۆری پەیوەندیان لەگەڵ مرۆڤدا وەردەگرن.(شریعتی,١٣٥٦,لا٤)

شەریعەتی پێی وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕەسەن وسەربەخۆیە وهەروەها خاوەن سێ خەسڵەتە وەک (ئاگامەند،ئازاد,داهێنەر), لەڕاستیدا ئەم سێ خەسڵەتە تایبەتە لەخەسڵەتەکانی خودان, چونکەمرۆڤیش هاوشێوەی خودایە و بەهەمان شێوە ئەم سێ خەسڵەتەی هەن,بەڵام ئیرادەی ئازاد دیلی ئەم چوار سەپێنراوەیە(جبر)کەبریتیەلە (خود,سروشت,کۆمەڵگا,مێژوو)ئەمانە دەبنە ڕێگر لەبەردەم مرۆڤ کە هوشیار وئازاد وداهێنەر بێت، کەواتە بوون بەمرۆڤ(مرۆڤبوون)وخوداشێوەیەکە پەیوەستەبەسەرکەوتن یان ڕزگاربوون لەم چوارخۆسەپێنەرە(جبر),بەمانایەکی دی مرۆڤبوون گرێدراوە بەسەرکەوتن بەسەر ئەم چوارخۆسەپێنەرەدا , (شریعتی ,١٣٨٦,لا١٧٧)کەئێمەلەم توێژینەوەیەدا ڕوونیان دەکەینەوە:

### ٢-بەهای مرۆڤ لەگۆشەنیگای شەریعەتی:

شەریعەتی سەرگوزەشتەی دروستبوونی مرۆڤ دەکاتە دەروازەیەک بۆ گفتوگۆکردن لەسەرچییەتی مرۆڤ و لەهەمان کاتیشدا بەهێمایەکی دادەنێت بۆ پلەوپایەی مرۆڤ لەئیسلامدا. ئەو پێی وایە سەرگوزەشتەی دروستبوونی مرۆڤ کە لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکراوە بە زمانێکی هێما(رمز)ئامێز گوزارشتی لێ کراوە کەچی چەندەها هێما و ئاماژەی شاراوەو مانای ژێراوژێر لەخۆدەگرێت، چونکە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا کە تەنها یەک ڕەهەند لەخۆبگرێت شیمانەی ئەوەی هەیە کە لە بواری فێرخوازیدا سوودی لێ وەربگیرێت ,بەڵام ماوەیەکی زۆر بەردەوام نابێت و دەرەنجام شۆک دەبێت و لەپەل وپۆ دەکەوێت، چونکە بە تێپەڕبونی کات واژەی دەرەکی دێتە ناوی، هەرچی زمانی هێماشە ئەوە زمانێکی فرەڕەهەند و فرەلایەنەیە و دەکرێ مانا فرە و هەمەچەشنەکانی نەوە دوای نەوەهەڵگۆزرێن، ماناکانی ئەم زمانە لەناو ناچن و وشک نابن و هەربە زیندوویی دەمێننەوە ئەمەش لەگەڵ ڕاستەقینە ئایینیەکەدا دەگونجێت کە جێگیر و چەسپاوە و

هەمیشە لەیەک کاتدا شوێنی دەبێتەوە (شریعتی,١٣٥٦:لا٨).

سەرگوزەشتەی دروستبوون لەقورئانی پیرۆزدا لەوەدا جیاوازە کە خودای گەورە مرۆڤ دەکاتە جێنشینی خۆی (خلیفە)(( إِنِّـى جَاعِـلٌ فِـى الْأَرْچِ خَلِيفَةً)(البقره,أیـە) ئەمەش پێگەیەکی هێندە بەرز و باڵایە تیۆری سەنتەرئامێزی مرۆڤ ,کە لەدوای ڕێنسانس سەری هەڵدا نەیتوانیوە پلەیەکی لەوە بەرزتر بەمرۆڤ ببەخشێت. لەئایینی ئیسلامدا مرۆڤ نابێتە (خودا) هەرچەندە ئەو پلەو پێگە مەزنەشی هەبێت کە پلەی (جێنشینیە)(انی جاعل فی الارچ خلیفه)(بقره,ایە٣١) هەروەک تیۆری سەنتەربوونی مرۆڤ بەلایدادەڕوات ,بەڵکو لەگەڵ کاری جێنشینیەکەی هەر بەندەی خودا دەمێنێتەوە و هەر لەو ئاستەدا کار و بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانی خۆی ئەنجام دەدات بەرامبەر گەردوون و دروستکراوان و هەموو بونەوەران، ئەویش لەبەر ئەو پلە و پێگەیەی پێی بەخشراوە کە ئەویش جێنشینی خودایە، لەسەرگوزەشتەی ئەفراندندا هەرچەندە فریشتەکان پرسیار و گازندە و مەترسیان بۆ دروست بوو لەمەڕ ئەوەی ئەم مرۆڤە دەست بداتە خوێن ڕشتن و خراپەکاری لەسەر زەوی، کەچی پرۆسەی ئەفراندن دەست پێ دەکات و مرۆڤ لەلایەن یەزدانی مەزنەوە دروست دەکرێت.

هەڵبەتە لێرەدا پرۆسەیەکی هێماکاری قووڵ هاوکات لەگەڵیدا دەست پێ دەکات هەروەک ((شەریعەتی)) ئاماژەی پێکردووە، خودا جێنشینی خۆی لەخۆڵ دروستکرد،خۆڵێکی گەنیو کە نزمترین ماددەکانی سەر زەوی بوو و ماددەیەکی باش و بەپێز نەبوو، لە دواییشدا لە گیانی (روح)ی خۆی فووی پێداکرد - نەک دەروونی خۆی . واتە لەشکۆمەندترین شت کەمرۆڤ بتوانێت گوزارشتی لێ بکات، دواتریش ناوی بۆدانا. کەواتە مرۆڤ بەم واتایە بەدروستکراوێکی ئاوێتە دادەنرێت, دوو ڕەهەندی دژبەیەکی لەخۆیدا کۆکردوەتەوە: یەکەمیان ڕەهەندی (قوڕ-خۆڵ)ە کە بۆ زەوی ڕایدەکێشێت و ڕەهەندێکی تریشی بەرز و باڵایە و بەرەو ئاسمان دەییات و دەیگەێنێتە کەهکەشانی فەلەک، ئەم پێکهاتەیەش نهێنی مەزنی مرۆڤ و نەمریەتی, لێرەدا لەنێوان ئەم دوو ڕەهەندەدا ململانێ لەناخی مرۆڤ دروست دەبێت تاکو سەرئەنجام کەمەندکێشی لایەکیان ¬-ڕەهەندێکیان بێت، ئینجا پاشان لەسەر ئەم بنەمایە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی دەدات کە ئەمەش پڕ بەپێستی ئەم ووتەیەی خودایە کە دەفەرموێت ((قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا * وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا)).

شەریعەتی بەردەوام دەبێت لەسەر ئەم باسە و ڕوونی دەکاتەوە مرۆڤ ئەو پلەوپایەیە بەدەست ناهێنێت ,کە پێی بەخشراوە تەنها بەفووکردنی لەلایەن خوداوە، واتە فووکردن لەگیان و ڕۆحی خۆی بەمرۆڤدا، بەڵکو لەسەرگوزەشتەی دروستکردن دوو دیاردەی دی لەدیاردەکانی شکۆمەندکردنی مرۆڤ و ڕێزلێنانی بەرجەستەدەبێت، فێرکردنی ناوەکان و ((وعلم ءَدَمَ الَسْمَاو كُلَّهَا)) و هەڵگرتنی ئەمانەتەکەیە کە لەلای (شەریعەتی) تەنها ئیرادەی مرۆڤ و هەڵبژاردنیەتی تا دەگاتە ئەوەی بە تاکە خەسڵەتی مرۆڤیان هەژماردەکات و سەری دەخات بەسەر دروستکراوانی دیکەدا.

مرۆڤ تاکە دروستکراوێکە بتوانێت هەڵگەڕێتەوە لەو شێوە و وێنەیەی کە لەسەری دروستکراوە و هەروەها هەڵبگەڕێتەوە لەسەر نیازمەندی مەعنەوی و مادی و حەز و ئارەزووەکانی خۆی و بشتوانێ خێر و شەڕ ئەنجام بدات و بەعەقڵ و ئارەزووی خۆی کار بکات و پێچەوانەش ئەنجام بدات، هەر مرۆڤە بۆی هەیە ببێتە (خۆڵئامێز، خۆڵاوی) وە یان (ڕەببانی) و (خودایی)، ئیرادە مەزنترین تایبەتمەندی مرۆڤە، لەم ئیرادەیەوەیە کە

پەیوەنـدی نێـوان مـرۆڤ و خـودا دەردەکەوێت.(شریعتـی,١٣٥٨,لا٨٧-١٠)
شـەریعەتی لـە کۆتایـی باسـکردنی تێڕوانینەکـەی خـۆی دەربـارەی سەرگوزەشـتەی دروسـتکردن سـێ ڕاسـتەقینە هەڵدەگۆزێـت کـە بـاس لەدروسـتبوونی تێڕوانینـی مـرۆڤ دەکات بۆخـۆی و بۆگـەردوون کەلەمانـە پێکدێـن:
یەکەمیـان: نـەوەی ئـادەم، بنیـادەم هەمـوو یەکسـانن و بـرای یەکـن، ئـەم دوو حاڵەتـەی جیـاوازی نێوانیـان ڕوون و ئاشـکرایە، چونکـە یەکسـانی زاراوەیەکـی مافپەروەرانەیـە کەچـی برایەتـی گـوزارش لەسروشـتی هاوبەشـی نێـوان مرۆڤەکان  دەکات.
دووەمیـان: یەکسـان بوونـی سروشـتی پیـاو و ئافـرەت ئەمـەش بـە پێچەوانـەی سـەرجەم فەلسـەفە و ئایینـەکانی پێشـووە، پیـاو و ئافـرەت لەهەمـوو ڕوویەکـەوە یەکسـان و هاوتـای یەکـن و لـەڕووی دروسـتبوون و جەسـتەوە یەکـن و یەکانگیـرن.
سـێیەمیان: باشـتربوونی مـرۆڤ لەزانسـتەوە سـەرچاوەدەگرێت، فریشـتەکان هەرچەنـدە لـەو باڵاتربـوون لەبەرئـەوەی لە(نـور) ڕووناکـی دروسـتکراون کەچـی سـوژدەیان بـۆ بـردووە، هەروەهـا مـرۆڤ لـەم ڕووەوە باشـترینە چونکـە ئـازادی و ئیـرادەی هەڵبژاردنـی هەیـە کـە دەرفەتـی ئـەوەی پـێ بەخـشراوە تـەوەری (خـودا) وە یـان تـەوەری (قوڕ)هەڵبژێرێـت.
خـودای گـەورە کاتێـک کـە مرۆڤـی دروسـت کـرد و ڕێـزی لێگـرت خەسـڵەتێکی پـێ بەخشـی کـە بەهیـچ دروسـتکراوێکی دیکـەی نەبەخشـیبوو کەلـە هـەردوو خەسـڵەتی (ئیـرادە و هەڵبژارن)پێکدێـت کـە شـەریعەتی بە(هەڵگەڕانـەوە یـان یاخیبـوون) نـاوزەدی دەکات، سـەرجەم سیسـتەمە سیاسـی و پەروەردەییـەکان و زانایانـی دەسـەڵات هەمیشـە خوازیـاری ئـەوە بوونـە خەسـڵەتی هەڵگەڕانـەوە یـان یاخیبـوون لەمـرۆڤ بسـتێننەوە و لـەم دونیـادا ئێسـتا و ئاینـدەی بۆدەسـت نیشـان بکـەن و بیکەنـە کائینێکـی هێمـن و ئـارام کەسـتەم قبـوڵ بـکات و خراپتریـن چارەسـەرەکانی لا پەسـەند بێـت و کەرامـەت و ئازادییەکانـی پێشـێل بکرێـت، لـەم کاتـەدا مـرۆڤ زاتـی خـۆی لـێ زەوت دەکـرێ و ڕۆڵـی تەنهـا لەبـواری نامۆیـی لـە کارکـردن و لـە چوارچێـوەی مـادەدا قەتیـس دەمێنێـت تاکـو کۆتایـی پێدێـت و دەمرێت.(شریعتی:هـمان,لا١٢)
مـرۆڤ لـەلای شـەریعەتی کائینێکـی خوداییـە و خـودای گـەورە بە(داهێنـان) جیـاکاری پێبەخشـیوە تاکـو بتوانێـت ئـەو شـتانە بەرهـەم بهێنێـت کەتوانـای پێشـبینیکردنیانی هەیـە، شـەریعەتی پێـی وایـە مـرۆڤ ئـەو کائینەیـە کەخـودا ژیـری و ئـارەزووی پـێ بەخشـیوە و بـەم ژیریـە دەتوانێـت درک بەخـۆی و بـەم جیهانـە بـکات کـە ژیانـی تیـادا بەسـەردەبات،
هەڵگەڕانـەوە خەسـڵەتێکە کـە خـودا لـە گیانـی مرۆڤدا چاندوویەتـی تاکـو داهێنـان و جیاکاریەکانـی خـۆی بپارێزێـت و پەرهیـان پـێ بـدات و بەرەنـگاری ئـەو هەلمەتانـە ببێتـەوە کـە زات و فیترەتـی تێکـدەدەن و دەیشـوێنن، تاکـو بتوانـێ چەمکـی یەکتاپەرسـتی لـەزەوی و لـەم جیهانـەدا بەرقەراربـکات، مـرۆڤ جێنشـینی خودایـە لەسـەرزەوی، ئیـرادەی خـۆی لەئیـرادەی خـواوە وەردەگرێـت واتـە تەنهـا خـودا لەجیهانـدا ئیرادەیەکـی ڕەهـای هەیـە وە دەتوانـێ هەرکارێـک بخوازێـت بیـکات، تەنانـەت گـەر ئـەو کارە پێچەوانـەی سیسـتەم و یاسـاکانی گەردوونیـش بێت.
خـودا بـە فووکـردن ڕۆحـی بـە بـەری مرۆڤداکـردووە، بۆیـە وەک(خـودا) دەتوانێـت کار بـکات و بجوڵێـت ,بـەڵام

توانایـەک کەخـودا هەیەتـی ئەونیەتـی و پێـی ناکرێـت، لـەڕووی لێکچوونـەوە دەتوانێـت وەک ئـەو کار بـکات و چـی بخوازێـت بیـکات و بەپێچەوانـەی یاسـاکانی سروشـت و یاسـا فیولۆجیەکانـەوە بجوڵێت,بـەڵام ئـەو توانـا ڕەهایـەی خـودای گـەورەی نییـە و پێـی ناکرێـت ببێتـە ئـەو.

بـەڕای شـەریعەتی، مـرۆڤ ئیـرادەی هەیـە و خـاوەن ئیـرادە و بەرپرسـیارێتیە، چونکـە ئـازادی و هەڵبـژاردن بەرپرسـیارێتی دەسـەپێنن. ئـەم تێگەیشـتنە وێناکردنـی تێڕوانینـی ئایینـی بـاوە کـە بەدرێژایـی مێـژوو بوونـی هەبـووە و پێـی وابـوە کـە مـرۆڤ گەمەیەکـە بەدەسـت خـوداوە و خاوەنـی هیـچ ئیرادەیـەک نییـە، هەمـوو ئـەم بۆچوونانـە دژاودژ دەکەونـەوە لەگـەڵ ڕەسـەنایەتی مـرۆڤ چونکـە پشـت بەئیـرادەی خـۆی و هۆشـیاری خـۆی نابەسـتێت ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ڕەتکردنـەوەی زاتـی خـۆی، بەپێچەوانـەی ئەمـەوە (شـەریعەتی) پێیوایـە کـە تێڕوانینـی ئایینـی بـۆ گـەردوون لەهـەر هەمـووی زانسـتیتر و مرۆییـترە، لـەم تێڕوانینـەدا مـرۆڤ تاکـە دروسـتکراوێکە لەسروشـتدا ,کەلـە خـودی خـۆی بـگات و سروشـت بناسـێت و بیـری لێبکاتـەوە و ئیـرادەی هەبێـت و دژی ئـەو شـتانە بوەسـتێتەوە کـە بەنـاڕەوا و ستەمیان دەزانێـت و ڕێسـای بەکارهێنانـی شـتەکان بگۆڕێـت و هەوڵبـدات ئـەو سیسـتەمە بسـەپێنێت کەهەڵـی بـژاردووە ,بەهەمـان شـێوەش لەسـەرجەم بوارەکانـدا داهێنـان بـکات و پڕۆسـەی دروسـتکردن و وێرانکـردن ئەنجامبـدات، مـرۆڤ پێچەوانـەی سـەرجەم بونـەوەران بیردەکاتـەوە و داهێنـان دەکات و سـەرپێچیش دەکات و هۆشـیاری دەربـارەی خـۆی و دەووروبەرەکەشـی هەیە.(شریعتـی,١٣٩١: لا٢٤٠)

## تەوەری سێیەم:

## ١-ئاستەنگەکانی هەمبەر مرۆڤبوون:

شەریعەتی زۆر بە ڕاشکاوانە لەدووکتێبەی خۆیدا ئاماژە بە کۆسپ وتەگەرەکانی مرۆڤبوون دەکاتو.٣

١- کەرانـدن (اسـتحمار): شـەریعەتی لـەم پەرتوکـەی خۆیـدا (اسـتحمار) بـاس لەبارودۆخـی جیهانـی ئیسـلامی دەکات وئامـاژە بەدواکەوتنـی دەکات لەکاروانـی مرۆڤایـەتی , ئـەم دواکەوتنـەشی بـۆ نەبوونـی هۆشـیاری هـزری و بێئاگایـی دەروونـی و نەبوونـی ڕەسـەنایەتی و داهێنـان دەگەڕێنیتەوە,ئـەم خەسـڵەتانەش (خـودی کارا) لەکۆمەڵـگادا دروسـتیان دەکات ,واتەمـرۆڤ دەکەنـە کیانێکـی بەهێـز بەرامبـەر بەملهـوڕان و داگیـرکاران، کاتێکیـش ئـەم سیفەتانە (هۆشـیاری، ڕەسـەنایەتی، داهێنـان) نامێنـن و ون دەبـن لـەو کاتـەدا دیـاردەی (کەرانـدن) زەق دەبێتـەوە، واتـە شـێواندنی هۆشـیاری لای تـاک و کۆمـەڵ و بەکارهێنانـی مـرۆڤ بـۆ خزمەتکردنـی مەرامەکانـی داگیرکـەر و هەژمـوون و خۆسـەپاندنی گروپەکانـی دەسـەڵات بەشـێوەیەک کـە ئـەم مرۆڤـە وەکـو (کـەر) بەکاردەهێـنرێ و کاری پـێ دەکرێـت بـۆ بەرژەوەنـدی گروپـی دەسـەڵاتدار.

(کەرانـدن): شـێواندنی مێشـکی مـرۆڤ و نەهێشـتنی ئاگایـی هـزری و فەرامۆشـکردنی هەسـت و نەسـت و ناخیەتـی، هەروەهـا بەلادابردنـی ئاگایـی مرۆڤبـوون و ئاگایـی کۆمەڵایەتیـە لەتـاک و لەچوارچێـوەی کۆمەڵـدا، هـەر ئەنگێزەیـەک کـە کار لەسەرشـێواندنی ئـەم دوو ئاگاییـە بـکات بـۆ تـاک وەیـان بـۆ کۆمەڵـگا ئـەوا ئـەو ئەنگێزەیـە بـۆ (کەرانـدن)ە و هیچـی تـر ,کەواتـە کەرانـدن مانـای شـێواندنێکی ترسـناکی هۆشـیاری دەگەیەنێـت بەشـێوەیەک دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کۆمەڵـگا هـۆش و مێشـکی خـۆی لەدەسـت بـدات و سـەرەنجام بـێ بەهـا و

---

٣ - ناوی ئەم دوو بەرهەمی شەریعتی بریتیە لە (١-خودأکاهی و استحمار ٢- جهارزندان انسان)

بێرێزبهێنێتەوە.(شریعتـی,١٣٧٨,لا٣٥)

کەرنـدان لای شـەریعەتی دوو جـۆرە: کەراندنێکـی کـۆن و کەراندنێکـی نـوێ کـە داگیـرکار دژ بـە گەلانـی ژێردەسـتی خـۆی پەیرەویـان دەکات، (کەرانـدن)ی کـۆن هەمیشـە پشـت بـە بەکارهێنانێکـی شـێواو دەبەسـتێت بۆئاییـن, کەچـی (کەرانـدن)ی تـازە –نـوێ هەڵگیرسـاندنی جەنگـە، وەک (شـەریعەتی) دەڵێـت: لەمـاوەی سـاڵانی نێـوان( ١٣٢٠ک-١٣٣٠ک)دا نزیکـەی (١٨-تاکـو-٢٠) جەنـگ لەئێـران دروسـتکراون لەپێنـاو ئـەوەی بابـەتی کۆمپانیـای نەوتـی ئێـران, کـە بەریتانیـا دەسـتی بەسـەرداگرتبوو نەورووژێنرێـت و هـزر و هۆشـی خەڵکـی دەربـارەی ئـەو مەسـەلە گرنگـە نەجولێـت.

## ٢-ئایین لەدژی ئایین:

ئاییـن کاریگـەری خـۆی لەسـەرتاک وکۆمەڵـگادا هەیـە, بەتایبـەت لـە وولاتانـی ئیسـلامیدا ,دەبینیـن ئێسـتاش کاریگـەری خـۆی لەدەسـت نـەداوە وبۆتـە بەشـێک لەژیـانی خەڵـک. ئاییـن خـۆی لەخۆیداپەیامـی لایەنـی گیانـی مـرۆڤ تێـردەکات , هەروەهاپەیامـی خوایـە بۆمـرۆڤ بۆئـەوەی کۆمەڵـگای مرۆڤایەتـی بـەرەو ئاشـتی وپێکـەوە ژیـان هەنگاوبنێـن, واتـەل هچییەتـی ئاییـندا هیـچ کێشـەیەک نییـە, بـەڵام ئـەوەی کـە کێشـە وگرفـت دروسـت دەکات شـی کردنـەوەو ڕاڤـە کردنـی دەقەکانـی ئایینـە, بۆیـە زۆرجـار پیاوانـی ئایینـی بـە جۆرێـک ئاییـن شرۆڤ دەکـەن کەلەگـەڵ خواسـت و بەرژهوەندیەکانـی خۆیـان وبەرژهوەنـدی دەسـەڵاتدا بگونجێـت وببێتـە مایـەی گەوجانـدن وبـە تەعبیـری شـەریعتی کەرانـدن یـان بـە جۆرێـک کـە توانـای هۆشـیاری وهزرانـدن لـە مرۆڤـدا بکوژێـت، لێـرەدا ئاییـن دەبێتـە ئامرازێکـی ترسـناک بـۆ کـپ کردنـی دەنگـی عەقـڵ وئاگایـی لەمرۆڤـدا.

لـەم ڕوانگەیـەوە شـەریعەتی ئامـاژە بۆئـەو مەترسییە دەکات و نـاوی لێدەنێـت ئاییـن دژبـە ئاییـن , بۆیـە شرۆڤ کردنـی ئاییـن بـە شـێوەیەکی هەڵـە ونادروسـت ودوور لـە بنەمـا مرۆییـەکان دەبێتـە مایـەی بـەد بەختـی بۆمـرۆڤ و سـەرتاپای مرۆڤایەتـی .

٣-پیاوانـی ئایینـی سەربەدەسـەڵات بەجۆرێکـی واخەڵـک تێدەگەیەنـن کـە ئـەوەی بەسـەریان دێـت دەبێـت پێـی ڕازی بـن چونکـە ئەمـە (قەزاوقـەدەرە) وپێویسـتەمرۆڤ لەبەرامبـەر فەرمـان وئیـرادەی خـودا تەسـلیم بێـت وهیـچ کارێـک نـەکات ,چونکەسـوودی نییـە و ئـەم چارەنووسـە بەدەسـت خودایـە و مـرۆڤ ناتوانێـت لەبەرامبەریـدا هیچبـکات ,چونکەپێشـتر بریـاری لەسـەردراوە وکۆتایـی پێهاتـووە .

بێگومـان ئـەم جـۆرە ئایینـە ,مـرۆڤ دەخاتەمەترسـیەکی زۆرگـەورە ,چونکـە هیـچ ئیرادەیـەک وبژاردەیـەک بۆمـرۆڤ ناهێڵێتـەوە و وادەکات ڕەخنـە نەگرێـت ولەسـوچێک دانیشـێت وکونجـی قەناعـەت هەڵبژێرێـت ..(شریعتـی,١٣٧٧,لا٩١-١٠٠) ,بۆیـە نموونـەی ئەمجـۆرە زۆرەوەدەکـرێ لـەم بـوارەدا ئامـاژە بـە سـۆفیگەری بکرێـت کەزۆرجـار بۆتـە ئامرازێکـی زۆر بـاش بۆکەرانـدن وگەوجاندنـی گەلانـی ئیسـلامی .

هـەر جـۆرە کەراندنێـک ئامـراز و کەرەسـتەی خـۆی هەیـە , لەلایـەن (ئیسـتعمار)هوە بەکاردەهێنرێـت بـۆ جێبەجێکردنـی پـلان و پڕۆژەکانـی خـۆی، (کەرانـدن) بەشـێوازی کـۆن چەنـد ئامرازێکـی تیـادا بەکارهێـنراوە کـە ئەمانـە هەندێکیانـن:

٤-زاهیدبوونـی ئایینـی لەژیـان وەکـو (سـۆفیگەری)، ئەویـش کاتێـک وەکـو ئامرازێـک بـۆ بێئاگابـوون و بێهۆشـبوون

لەواقیعەکـە بەکاردەهێنرێـت و تیایـدا مافـەکان فەرامـۆش دەکرێـن و وازدەهێنرێـت لەچێـژ و مافـە دونیاییـەکان و ئەمــەش بێگومــان ســوود بەدوژمنــان دەگەیەنێــت.

بەهەمـان شـێوە سوپاسـگوزاری شـێواو و بـێ بنەمـا نـەک ئـەو سوپاسـگوزاریەی کـە ئایینـی ڕاسـتەقینە فەرمانـی پـێ دەکات، ئـەو سوپاسـگوزارییەی کـە ڕاڤـەی ئایینـی شـێواو پێشکەشـی دەکات:واتـە سوپاسـگوزاری بەرامبـەر بـێ ئومێـدی و دەردوبـەڵا و نەهامەتییـەکان و پەسـەندکردنی واقعەکـە بـە هەمـوو خـراپ و خراپەکارییەکیـەوە و دەستەوەسـتان و تەسـلیمبوون وهەوڵنـەدان بـۆ ئەنجامدانـی گۆڕانـکاری و چاکسـازی.

بەهەمـان شـێوە دەقـە شـیعریەکان کاتێـک کـە دووردەکەونـەوە لـە گەیاندنـی پەیامـە کۆمەڵایەتـی و مرۆییەکەیـان و تەنهـا لەچوارچێـوەی (هونـەر بـۆ هونـەر)دا قەتیـس دەمێننـەوە، ئـەم ووتەیە(شـەریعەتی) ڕەخنـەی لـێ دەگرێـت چونکـە ئـەو بـاوەڕی وایـە بەهـای شـتەکان بـە پێوانـە و ئاسـتی نیشـاندانی دەپێورێـت نـەک زات و خـودی شـتەکە خـۆی، بەهەمـان شـێوە فەخـر و شـانازی بەڕابـردوو و کەلتـووری نەتەوەیـی و گێڕانـەوەی وێنـە مێژووییـەکان لەجیاتـی کارکـردن بـۆ گۆڕینـی واقعـە داماوەکـە بـۆ واقعێکـی ژیـاری و هـزری پێشـکەوتوو وپـەڕەدان بـە کۆمەڵـگای مرۆیـی بەگشـتی پێوەرگەلێکـی سـەنگینن بـۆ بەهابـاڵاکان.

٥- یەکێـک لـە ئامرازەکانـی (کەرانـدن)ی نـوێ لەدیـاردەی پسـپۆڕێتی تەسـکی زانسـتیدا بەرجەسـتە دەبێـت، ئەمـەش مانـای وانییـە کـە گرنگـی پسـپۆڕێتی نەمێنێـت و بسـڕدرێتەوە وەکـو دابەشـبوونی زانسـتی لـە هەمـوو بـوار و چەشـنەکان هـەروەک ئێسـتا لەئارادایـە، بەڵکـو مەبەسـت لێـی ڕەچاوکردنـی گشـتگیربوونی مـرۆڤ و فرەبوونـی ڕەهەندەکانیەتـی بەجۆرێـک بیروبـڕوا ڕاسـتەقینەکە بەشـێوەیەکی هەمەکـی نـەک بەشـێوەیەکی هەندەکـی نمایـان بێـت، واتـە مـرۆڤ بـە تەنهـا ئاشـنای پسـپۆڕێتی خـۆی نەبێـت, بەڵکـو ئاشـنای زانسـتە مرۆییەکانـی دیکـەش بێـت، چونکـە پەیوەنـدی بـە ووردەکاری ژیانـی خۆیـەوە هەیـە.

هەروەهـا شـەریعەتی لـەو باوەڕەدایـە کـە شارسـتانییەت و ژیـار بۆیـان هەیـە هەندێـک جـار پاڵنەرێکـی کەراندنیـان لەدواوەبێـت ئەویـش کاتێـک بەشـێوەی بەکاربەریەکـەی شـرۆڤە بکرێـت نـەک بەشـێوە بەرهەمهێنەرەکـەی، لێـرەدا کۆمەڵـگا وا گومـان دەبـات چوەتـە ڕیـزی ووڵاتـە پێشـکەوتووەکان بەزیـاد بەکارهێنانـی شـمەک و کەلوپـەلی نـوێ و هاوردەکردنـی لـە ووڵاتانـی بیانییـەوە ,کـە ژیـار و عەقڵـی ڕۆژئاوایـی بەرهەمیـان هێنـاون.

شـەریعەتی لەمبارەیـەوە دەڵێت»(ئـەم هەمـوو فەخـر و شـانازیەی هەیـە تەنهـا ژیارێکـی بەکاربەریـە، کاتێـک کـە ئەوروپیـەکان ,یـان ئەمریکیـەکان دەچنـە شـاری (ریـاز) لـە عەرەبسـتانی سـعودی سـەریان سـووڕدەمێنێت لـەو نوێگەریـەی کـە لەوێـدا هەیـە، ئۆتۆمبێلـەکان هەمـوو تـازەن و مودێلیـان نوێیـە کـە لـە سەرانسـەری دونیـادا شـتی وا نییـە، هەمـوو وڵاتێکـی دواکەوتـوو لـەڕووی ئابوورییـەوە لـە ڕوواڵەتـدا لەوانیـتر تازەتـر و جوانترن,بـەڵام ئایـا شارسـتانیبوون و جوانبـوون چییـە؟

مانـای پێشـکەوتن لەپرۆسـەی بەکاربـەری ئەوەیـە ,هیـوا و ئاواتـی بەرهەمهێنانمـان لـێ فەرامـوش بکـەن و بەتـەواوەتی لەبیرمانـی بەرنـەوە). هەروەهـا چەمکـی ئـازادی زایەنـدی بەیەکێـک لـە ئامـرازە تازەکانـی کەرانـدن هەژماردەکرێـت، ئـەم بابەتـە ئامرازێـک بـوو بـۆ ئـەوەی بـەم چەمکـە وامـان لێبکـەن بیـر لـەو سـەروەت و سـامانە نەکەینـەوە کـە ڕۆژئـاوا لێمانیـان دزیـوە تاکـو بەرپرسـیارێتی خۆمـان لـەڕووی کۆمەڵایەتـی و کۆمەڵـگاوە

لەبیربکەیـن و هیـچ چالاکیەکـی زیندووکـەرەوەی هۆشـیارانە و کارا ئەنجـام نەدەیـن وهـەوڵ نەدەیـن تـاک و کۆمەڵگاکەمـان زیندووبکەینـەوەو هۆشـیاریان پێببەخشـین.(شریعتی.١٣٧٨,لا لـە٤١-٤٥-٤٩-٥٠)

## باسی دووەم:زیندانەکانی مرۆڤبوون ووبونیادنانی:

### تەوەری یەکەم:

### زیندانەکانی مرۆڤبوون:

شـەریعەتی جیاکاریـەک دەکات لەنێـوان مرۆڤایەتـی و کەینونـەی بەشـەری و بوونـی مرۆیـی کەئامادەگـی و بوونـی هەیـە، بەشـەریەت لای شـەریعەتی بوونێکـە و چەندەهـا خەسـڵەتی فسـیۆلۆجی و بایۆلۆجـی و سـایکۆلۆجی هاوبـەش لەخۆدەگرێـت لـە نێـوان سـەرجەم ڕەگـەز و ڕەچەڵەکەکانـدا جـا لەهـەر شـوێنێکدابن، (شـەریعەتی) ئـەم بوونـەی سـنووررێژ کـردووە و نـاوی ناوە(چوارزیندانەکـە).

ئـەم چـوار زیندانـەش ئەمانـەن: (سروشـت، کۆمەڵـگا، مێـژوو، خـود) لەکاتێکـدا بوونـی مرۆڤایەتـی ڕاسـتەقینەیەکی ڕەهایـە و پێویسـتە مـرۆڤ پێـی بـگات، لێـرەدا ئـەم بەرجەسـتەکردنەی مرۆڤـی خـوازراو مەبەسـتمانە و هیوامـان بـۆی هەیـە کـە دروسـت ببێـت، تەنهـا لەحاڵەتێکـدا دەگاتـە ئەنجـام کـە هەرچـوار ئـەم زیندانانـە بشـکێنرێن لـەم کاتـەدا گۆڕانـکاری ڕوودەدات.

ئـەم چوارزیندانـە دەبنـە بەربەسـتێکی بەرامبـەر مـرۆڤ بـۆ گەیشـتن بەئاسـتی مرۆڤبـوون، مـرۆڤ پێویسـتە ئـازاد بێـت لـەم چـوار زیندانـە تاکـو بگاتـە قۆناغـی مرۆییبـوون، کـرۆک و ڕیشـەی توێژینەوەکـەم ئەوەیـە کەمـرۆڤ گیـرۆدەی ئـەم چـوار زیندانەیـە، بێگومـان دەکـرێ مـرۆڤ ببێتـە مرۆڤێـک بەمانـا تـەواو و پڕاوپڕەکـەی، مـرۆڤ کاتێـک لـەم زیندانانـە ڕزگاری دەبێـت، ئـەوا بەمرۆڤێکـی ئـازاد و سەربەسـت هەژماردەکرێـت، (شـەریعەتی) زیندانەکانـی بـەم شـێوەیە شـرۆڤە کـردووە و ئامـاژەی پێکـردوون

### یەکەم: زیندانیی خود:

سـەختترین جۆرەکانـی زیندانـە ,مـرۆڤ هۆشـیاریی خـودی خـۆی بەکاردەهێنێـت تاکـو لـەم زیندانـەی خـۆی و لەنامۆبوونـی لـە کۆمەڵـگادا ڕزگاری بێـت، ئـەم مرۆڤـەی کەلـەم زیندانەدایـە دووردەکەوێتـەوە لەدروسـتکردنی ژیـان، ژیانـی خـۆی و ژیانـی کۆمەڵگاکـەی، ئـەو واز لـە هەمـوو شـتەکان دێنێـت بـۆ ئـەوەی لەواهیمـە و خەیاڵـدا ژیـان بەسـەربەرێت، تاکـو خـۆی بـکات بـە مرۆڤێکـی (نموونەیـی) و ڕۆح و گیانـی لەبـەرزی و باڵاییـدا هەڵبفرێـت و لەگـەڵ چەمکـی (مرۆڤـی تەواو-مرۆڤـی کامـڵ)دا ئاوێتـە ببێـت بـەو شـێوەیەی کەئایینـە ئاسـمانییەکان مەبەسـت و مـەرام و ئامانجیـان بـووە کەسـایەتیەکەی فۆرمەلـە بکـەن.

### زیندانی دووەم:

زیندانـی سروشـت: زیندانـی خـود دەگرێتـەوە، زیندانـی سروشـت, ئەوەیـە کەمـرۆڤ خـۆی بکاتـە کۆیلەیـەک بـۆ سروشـت وبەگوێـرەی یاسـاو ڕێسـاکانی ئـەم کۆیلایەتیـە ڕەوبـکات. لـەم ئاستەشـدا مەنـگ و مـت دەمێنێـت و هـەوڵ

نـادات خـۆی لەکـۆت و بەنـدەکان ڕزگاربـکات و زیندانەکـە بشـکێنێت و لەهەژمـوون و بەسـتەرەکەی ڕزگاری ببێـت، ئـەو زیندانـەی بـە دانەوانـدن بـۆ خواسـتەکان لەگوزەرگـەی ئاوێتەبـوون لەگـەڵ غەریـزەکان و نغرۆبـوون لەنـاو جەنجاڵـی چێـژەکان و لەیادکردنـی چێژەکانـی ڕۆح و گیـان کەلـە عەقڵـی هیـوادا بەرجەسـتەدەبێت.

## زیندانی سێیەم:

زیندانـی مێـژوو: مانـای پەسـەندکردنی مرۆڤـە بـۆ زەلیلـی و خـۆ بەبچـووک زانیـن , لەلایـەن هێزەکانـی دەسـەڵات و دیکتاتوریەتـەوە ئەنجـام دەدرێـت و لەسـەرخود جێبەجـێ دەکرێـت و دەکرێتـە زیندانـەوە لەچێوەیەکـی کۆمەڵایەتـی داخـراو وە یـان لـە نێـو حەشـاری (دۆگمابـوون) کـە تـاک وای لـێ تێـدەگات کـە تاکـە ڕێگایەکـە بـۆ ڕزگاربـوون، ئەمـەش ڕێگایەکـە بـۆ چوونەنـاو (زیندانـی مێـژوو) لەڕوانگـەی ئەوانـەی سیسـتەمی (ڕۆژئاوابوونیـان) وەرگرتـووە، بەشـێوەیەک کـە مرۆڤـی ڕۆژهـەڵات گیـرۆدەی ئیـرادەی ڕۆژئـاوا بێـت , یـان لەنـاو زیندانـی مێـژوودا بێـت بەگوێـرەی ڕوانگـەی (ئەوانـەی کەبوونەتـە موسـڵمان) هەوادارانـی سـوڵتانیش ئەوانـەی کـە مێژوویـان دروسـتکردووە مێـژووی ئاوێتەبـوون لەگـەڵ دەسـەڵاتی (جێنشـینی خـودا) کەسـوڵتانە.(شریعتی,١٣٨٩,لا٣٥-٣٧) بەهەمـان شـێوە زیندانـی مێـژوو لەپیـرۆز ناسـاندنی بەردەوامـدا دەردەکەوێـت بـۆ ڕابـردوو هـەروەک بڵێـی سـەردەمی داهێنـان ڕاوەسـتاوە, بۆیـە وامـان لـێ هاتـووە کـە دیـل و بەنـدەی ووتەکانیـن ئیـتر هەریەکـە و بەگوێـرەی بۆچوونـی ئایدۆلـۆژی و بیروبـاوەڕی خـۆی، ئێمەوامـان گومـان دەبـرد کـە بـە بـێ ڕابـوردوو ئیـتر ڕزگاربوونمـان نییـە، بۆیـە وازمـان لـە ئێسـتا و لەداهاتـوو هێنـا، ئـەوەی پێویسـتە بیکەیـن ئەوەیـە کـە دەبـێ کارا و کاریگـەر بیـن، ئێمـە نەمانتوانیـوە (ڕابـردوو) و (ئێسـتا) وا لـێ بکەیـن کەخزمـەت بـە (ئاینـدە) مـان بکـەن، پێویسـتیمان بەموتوربەکـردنی ئـەم دوو ڕەهەنـدە هەیـە، ئـەو ووڵاتانـەی کـە دەڕواننـە پێشـەوە و پێشـدەکەون ئەوانـە هـەردوو (ڕابـردوو) و (ئێسـتا) دەکەنـە کۆگەیەکـی ژیـاری و هـزری و ڕۆشـنبیری لەپێنـاو خزمەتکردنـی داهاتـووی خۆیـان، نـەک بـە پێچەوانـەوە، واتـە بڕواننـە ئاینـدە بەڕوانگـەی ڕابردوویەکـی شـکۆدار و ئێسـتایەکی قەتیـس و مەنـگ و متبـوو. زیندانـی مێـژوو لـەلای (شـەریعەتی) جیـاوازە لـە حەتمیەتـی مێـژوو، چونکـە ئـەو بـاوەڕی بـەم حەتمەیەتـە هەیـە و بـاوەڕی بەکۆتاییەکەشـی هەیـە بـۆ گەیشـتن بـە نموونـەی بـاڵا و باڵاچـوون و خـودی مرۆییبـوون لـە گوزەرگـەی لایەنگـری ڕوحیـەوە , کەلەخـودی مرۆییبوونـدا بـەدی دەکرێـت بـۆ ڕزگاربـوون لـە گوزەرگـەی ناسـین و ئاشـنابوون بەمەعریفـەی ئایینـی.

## زیندانی چوارەم:

زیندانـی کۆمەڵـگا: ئەوەیـە کـە مـرۆڤ ببێتـە دیلـی بەهـا وداب و نەریتـە کۆنـەکان کـە لەگـەڵ مەعریفـەی ڕێژهیـی ئایینـە ڕاسـتەقینەکان نەگونجێـت و لەگـەڵ مەعریفـە و زانسـتی عەقڵانـی تەبـا نەبێـت. (کارلمانهایـم) ئـەم جـۆرە مرۆڤانـەی بەکۆیلـەی کۆمەڵایەتـی نـاوزەد کـردووە، بەڵـێ ئـەم مرۆڤانـە لەچوارچێـوەی (بازنەهـزری) و (پەرژینـە دۆگماییـەکان) دەرناچـن , کۆمەڵگاکـە ژیانـی تیـادا بەسـەردەبەن، تاکـو کار گەیشـتە ئـەوەی هـەر باوەڕدارێـک پێچەوانـەی بیروبـاوەڕی کـۆن و دێرینـی کۆمەڵگاکەیـان بجوڵێنـەوە ئـەوا بیروباوەڕەکـەی بـە پووچـەڵ هەژماردەکرێـت، هەوادارانیشـی بەوانـە هەژمـار ناکرێـن کـە گەیشـتونەتە کەشـتی ڕزگاربـوون بـۆ ئـەوەی پشـت بەووتـەی ئـەوان ڕزگاری ببێت.(هەمـان,٥٦-٥٧)

## تەوەری دووەم: بنیادنانی مرۆڤبوون:

### ١-بنەماکانی بونیادنانی مرۆڤبوون:

ئاگایـی و هۆشـیاری: قەیـران و گرفتـی مرۆڤایەتـی لـەوەدا نەبـوو _ کەژیـن و ژیـار و شارسـتانیەکەی دارمـاو بـە فەتـارەت چووبێـت لەبـەر نەبوونـی فەیلسـوف و زانـا و دانـا و پیاوانـی ئایینـی ، نەخێـر ئەمـە گرفتێـک نەبـوو _ مرۆڤایەتـی ئـەم گرفتـەی نەبـووە و بەدەسـت ئـەم دەردەوە نەیناڵانـدووە، چونکـە هەمیشـە پیاوانـی زانـا و دانـا و هونەرمەنـد و پێشـەوا و پێشـەنگ و ڕۆشـنبیر هەبوونـە_ بەڵکوگرفتەکـە لەوەدابـووە مرۆڤـی هۆشـیاربوونی نەبـووە، ئـەو جـۆرە مرۆڤـەی کـە تاکێـک لەتاکـەکان پێـی دەگەیشـتن و کاتێـک کـە پێشـدەکەوتن هۆشـیاریان دەربـارەی سـێ شـت پەیـدا دەکـرد (خـود، کۆمەڵـگا، جیهـان) (پێویسـتە بوونـت هەبێـت یـان خـاوەن بوونێکـی ڕەسـەن بیـت) ئەمانـە هۆشـیاریەکن مـرۆڤ پێویسـتی پێیانـە.

پێویسـتە مـرۆڤ ئازادبێـت، خـاوەن بـڕاردەی خـۆی بێـت و لـە (قوڕێتـی) خـۆی دووربکەوێتـەوە واتـە لـەم سـێ شـتە دووربکەوێتـەوە (نەزانـی، تـرس، بەرژەوەنـدی) لەلایەکـی تـرەوە خـاوەن شـەیدایی و ویسـتێک بێـت بەگوێـرەی ئـەوەی کـە هۆشـیاریەکەی ڕێنمویـی دەکات و پێـی دەڵێـت (چـۆن بێـت و دەبـێ بـەچ شـێوەیەک بێـت؟) (خـود، کۆمەڵـگا، جیهانەکـەی) هەمـوو ئەمانـە چـۆن بـن؟ ئیـتر لەوەڵامـی ئەمانـەدا دەبێتـە فەیلەسـوف و بلیمـەت و زانـا و شۆڕشـگێڕ و هونەرمەنـد و پێشـەوا و سـەرکردە.(الجبران,٢٠٠٤,لا١٣-١٤)

(شـەریعەتی) لەپرۆسـەی بونیادنانـی مرۆییـدا یەکـەم جـار پشـت بەبونیـادی (خود)دەبەسـتێت، ڕەگ وریشـەی ئـەم بونیـادەش لـەلای ئـەو هۆشـیاریە کـە (شـەریعەتی ) بـە (ئاگایـی) نـاوزەدی دەکات. ئاشـنابوون بەمەعریفـەی دڵ و دەروون و درک پێکـردن و ئاگایـی کەلـەلای (تـاک) بوونـی هەیـە پرۆسـەیەکە لەسـەرەوەی مەعریفـەی فەلسـەفی و پیشـەیی زانسـتەوەیە، پیشـە مەعریفەیـە و مەعریفەیەکـی دەروونی نییـە، واتـە ئـەو شـتە نییـە کـە خـودی خۆمـم پـێ بناسـێنێ و بتوانـم زاتـی خۆمـی پـێ بناسـم، ئـەوە نییـە کـە سـەرنجم ڕابکێشـێ و ئاگایـی و نـرخ و بەهـام لای خـۆم پێبناسـێنێ، بەهـای هـەر مرۆڤێـک بەگوێـرەی باوەڕیەتـی بەخـودی خـۆی، هـەر بانگەشـە و پڕوپاگەنـدە و قسـەو ئاخافتنێـک و پێشـکەوتن و ژیـن و ژیـار و توانـا و ڕۆشـنبیریەک لەوانـە بەدەربێـت لـەم چەمکانـەی کـە ئاماژەمـان پێـدان، بـەدەر بـن لـەم درک و زانینانـە (درککردنـی دەروونـی، درککردنـی کۆمەڵایەتـی) ئـەوا بەهۆشـبردن و شـۆککردنی هـزر و بیـرەکان هەژماردەکرێـن، جگـە لـەوەش بـەلادان لـە پرنسـیپەکانی مرۆییبـوون و سـەربەخۆبوون و ئـازادی دادەنرێـن، وەک ئەوەیـان لێدێـت کـە مـرۆڤ بەکاربهێنرێـت وەک چـۆن (کـەر) کاری پـێ دەکرێـت و بەکاردەهێنرێت.(شریعتـی,١٣٧٨,لا٢٠٢)

متمانـە بەخۆبـوون هۆشـیاری هـزر و بیـر بـۆ مـرۆڤ دەسـتەبەر دەکات، ئەمـەش لـەوەدا بەرجەسـتەدەبێت کـە بزانێـت چ هـزر و بیرێـک هەڵدەبژێرێـت؟ بـەچ نەتەوەیەکـەوە پەیوەسـت دەبێـت؟ بـۆچ پرنسـیب و ئایدۆلۆژیـا و ژیـار و شارسـتانیەتێک کەمەندکێـش دەبێـت؟ ئایـا هۆشـیاری لەکوێدایـە؟ ئـەو هۆشـیاریەی کـەوام لـێ دەکات هەسـت بەخـۆم بکـەم وەک بوونێکـی مرۆیـی، هەروەهـا متمانـەی هۆشـیاری سیاسـی دروسـت دەکات، سیاسـەت بەمانـا بـەرز و باڵاکـەی نـەک بەمانـا ڕۆژنامەنووسـیەکەی کـە ڕۆژانـە بەرگوێـمان دەکەوێـت، واتـە هەسـتکردنی تـاک بەقۆناغـە چارەنووسسـازەکانی مێـژوو بـۆ کۆمەڵـگا و پەیوەندییەکانـی بەکۆمەڵـگاوە و ئەندامبوونـی لەنەتەوەکـەی و گەلەکـەی و هەروەهـا هەسـتکردنی بـە بەرپرسـیاریێتی وەک پێشـەوا و پێشـەنگ لـە پێنـاو

ڕێنمایـی و سـەرکردەیی بـۆ بەدەسـت هێنانـی ئـازادی و سەربەسـتی.

٢-دووهوشیاریەکە:

کەواتـە ئاگایـی دووئاگاییـە: ئاگاییەکـی مرۆڤانـە (هزریانـە) و ئاگاییەکـی کۆمەڵایەتـی (سیاسـی) ,هـەر گەلێـک ئەمـدوو ئاگاییـە لەدەسـت بـدات ئـەوا بـۆ نموونـە ئەندازیارەکانـی هەمیشـە دەبنـە داردەسـتێک بـۆ هێنـان و هاوردەکردنـی کاڵای ڕۆژئاوایـی بـۆ وڵاتەکەیان,زاناکانیشـیان دەبنـە بەکرێگیراوێـک کـە هـزر وبیـر و پرۆگرامەکانیـان بـۆ بێگانـە بەکاردێنـن، چ لەنـاوەوە و چ لـەدەرەوی ووڵات.

بـەم شـێوەیە دەبینیـن هـزر و مێشـکی وڵاتانـی جیهانی سـێیەم دەبنـە دوو بەشـەوە: بەشـێکیان بـۆ دەرەوە هەنـاردە دەکرێـن و هەمـوو وزە و تواناکانیـان خزمەتـی بیانیـەکان دەکـەن و گـوێ بـەو زەرەر و زیانانـە نـادەن کـە دووچاریـان دەبـن، چ خۆیـان و چ گەلەکەیـان، بەشێکیشـیان دەگەڕێنـەوە بـۆ وڵاتەکـەی خۆیـان تاکـو ببنـە بەکاربـەر بـۆ وڵاتـە بیانیـەکان، لـەم حاڵەتـەدا تاکـە شـتێک مـرۆڤ و نەتـەوە لـەم خوێـن مژیـن و داچۆڕانـە ڕزگاربـکات (ئاگاییـە)، ئاگایـی بەهـەردوو جـۆری مرۆیـی و کۆمەڵایەتیـەوە کـە بیروبـاوەڕی ئیسـلامی باسـیان لێـوە دەکات، پێویسـتە هـەردوو ئـەم ئاگاییـە پێوەرێـک بـن بـۆ موسـوڵمان، چونکـە بەرامبەرەکەمـان خـاوەن زیرەکـی و زرنگـی و هۆشـیاریەکی لەڕادەبـەدەرە، ئـەوان شـتەکان دروسـتدەکەن و بەرجەسـتەیان دەکـەن.

دەربازبـوون لەتەڵـە و پـلان و نەخشـەکانیان هێنـدە ئاسـان نییـە، بۆیـە پێویسـتە مـرۆڤ بزانێـت چـی دەکات و لـە چ پلانێـک دایـە، بەرەنـگاری چ کێشـەیەکی ئاڵـۆز دەبێتـەوە، دەبـێ درک بـەوە بکەیـن و بزانیـن ئـەوان خوازیـارن چـی لـەم نەوەیـەی ئێمـە بکـەن، هـەر یەکێـک بـێ ئـاگا بێـت لـەم کەیـن و بەینـە ئـەوا دەرەنجام دەبێتـە قوربانـی و لەناودەچێـت وەدەفەوتێت.(هەمـان.لا٢٠٧)

٣-ئیرادە وئازادی:

مـرۆڤ بەئـازادی خـاوەن ئیـرادە وبژاردنـە, چونکـە مەحاڵـە مـرۆڤ بـە بـێ ئـازادی بتوانێـت ببێتـە خـاوەن ئیـرادە وبـژاردن . خـودا مرۆڤـی لەسـەر ئـەم بنەمایـە دروسـت کـردووە, هـەروەک لـە چیرۆکـی ئـادەم وحـەوا دا هاتـووە , کـە چـۆن ئـادەم سـەرپێچی دەکات لـە فەرمانـی خـودا , ئەمـەش نیشـان دانـی ئەوەیـە مـرۆڤ ئـازادە لـە بـژاردن وبڕیاردانـدا , بەبـێ ئـازادی مـرۆڤ هیـچ مانایەکـی نیە(پورزگـی,١٣٩٧,-١٣٧) .

لـەلای (شـەریعەتی) ئـازادی بنەمـای بوونـی مرۆڤایەتیـە, ئـەو پێـی وایـە مـرۆڤ لـەو ململانێیـەدا ژیـان دەباتەسـەر، ململانێـی ناوخـودی خـۆی، پاشـان ئەولایەنـە هەڵدەبژێرێـت کەخـۆی خوازیارێتـی و ئەوجـا چارەنووسـی خـۆی لەسـەر بنەمـای ئـەو ویسـت و خواسـتە دیـاری دەکات، مـرۆڤ تاکـە دروسـتکراوێکە کـە لەوانەیـە بـە پێچەوانـەی سروشـتەکەی خـۆی و دژ بەحـەز و ئارەزووکانـی خـۆی کاربـکات.

ئەمـەش یەکێکـە لەمەزنتریـن تایبەتمەندیەکانـی مـرۆڤ، لـەم خاڵـەدا مـرۆڤ لەخـودا دەچێـت ئەویـش لەبـەر ئـەوەی ڕۆحـی خـودا لەناخیدایـە، ئـەم ئیرادەیـە مـرۆڤ دەکاتـە بەرپـرس بەرامبـەر بژاردەکانـی خـۆی، مـرۆڤ داهێنـەر و هۆشـیار و بـژاردەکار و داهێنانـکارە، (الحسـینی,٢٠١٩,لا٧٩).

مـرۆڤ ئیرادەیەکـی تـەواو پێکدەهێنێـت کەبـێ کۆتایـە، بەهەمـان شـێوەش ڕەتکردنـەوەش پێکدەهێنێـت، ئـەو هەمیشـە لەهەوڵدایـە هـزر و بیـر وخواسـتی ڕەهـا بەدەسـت بهێنێـت، ئـەو خـاوەن مەعریفەکـی زاتـی و خودیـە دەربـارەی خـۆی و دەروونـی خـۆی و دەربـارەی گـەردوون و بوونـەوەر بەگشـتی، لەهەمـان کاتیشـدا

ڕەگەزپەرستی باڵی کێشاوە بەسەریدا، هەرکەسێک ڕەگەز پەرست بێت نابێتە مرۆڤ، زۆر ڕەگەزپەرست و دەمارگیر هەن کەمرۆڤ نین، ئەوەی کە هەندێک کەس پێی دەڵێن ڕەگەزپەرستی ئەوە ڕەگەز پەرستی نییە و شتێکی ترە و بە خراپ وەسفی دەکەن، شەریعەتی ئامانجی ئەوەیە کە مرۆڤێکی ئازاد و هۆشیار دروست بکات، بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و ئاشنای کیان و بوونی خۆی بێت و دژ بە ئیرادەی سروشتی خۆی نەبێت,بەڵام خوازیاری ئەوەیە کە ئیرادەی خۆی بەرز ڕابگرێت، واتە بەهێزی خۆی بەهێز بێت، ئەمەش دیاردەیەکی زۆر بەرز و نایابە کە بەهۆیەوە مرۆڤ کەسایەتی خۆی بونیاد دەنێت و مرۆییبوونی خۆی لەمیانەی پێ گەیین و ئیرادە و هۆشیاری بە خودی خۆی دادەڕێژێت.(نصیری,٢٠٠٨, ص٥٨٨)

٤--جیهان بینی:

شەریعەتی پێی وایەجیهانبینیی ئیسلام ,جیهانبینیەکی تەوحیدییەومرۆڤ لەم جیهانبینیە تەوحیدییەدا لەدوو بەش پێکهاتووەکەبەشێکی خودایی وبەشەکەی دیکەش گڵ وماددەیە. مرۆڤ لە نێوان ئەم دوو دژ بەیەکەدا جووڵە دەکات بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن ورزگاربوون و وەرگرتنی شێوەی خودا, لەم ڕوانگەیەوە لەجیهانبینیی تەوحیدیدا مرۆڤ نموونەیە , هاوشێوەی خودایە, کەلایەنی ئیلاهی زاڵ بووە بەسەر لایەنی ئەهریمەنی , ئەم مرۆڤە خودسازە , بەرهەمی ژینگە وسروشت ومێژوو نییە بەڵکو خۆی ژینگە وسروشت ومێژوو وکۆمەڵگای خۆی بەرهەم هێناوە, کۆمەڵگای نمونەیی , کە بە (ئوممەت)ناوزەد دەکرێت و بریتیە لە کۆمەڵگای مرۆیی , لەم کۆمەڵگایەدا هەمووتاکەکان یەک ئامانجی هاوبەشیان هەیە,هەمووکۆبوونەتەوەو لە ژێر ڕابەرایەتی یەک کەسدا هەنگاودەنێن بەرەو نموونەیی بوونی خۆیان, کە بە شێوەیەکی یەکتایی سەیری هەموو جیهان دەکەن نەک بە شێوەیەکی پەرت وبڵاو.

ئیسلام بریتیە لە هۆشیاری خودی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی, هەردوو ئاگایی وهۆشیاری لەئیسلامدا بوونیان هەیە,چونکە ئیسلام یەک ڕێبازی ئایینیە,کەواتە یەک ئایدیۆلۆژیایە,گوتاری خۆی هەیە بۆجۆری مرۆڤ وئامانجیشی ڕزگارکردنێتی.

مرۆڤی نموونە بە هۆشیاری خودی وئیمان وتەوحید وعەشق وخۆشەویستیەوە دەتوانێت ڕزگاری وئازادی خۆی بەدەست بهێنێت بە بەتایبەت ڕزگاربوون لەم چوار زیندانە(سروشت,خود,مێژوو,کۆمەڵگا) و دەرەنجام سەرفرازبێت وببێتە خاوەنی خۆی وکۆمەڵگای نموونەیی خۆی.(صدرا وشمسا,١٣٩٥, لا ٦٨٣-٦٨٤)

تەوەرسێیەم: تتایبەت مەندی وئاکاری نموونەیی مرۆڤبوون:

شەریعەتی لەمیانەی باسەکانیدا تایبەتمەندێتی و ئاکاری ئەو مرۆڤە نموونەییەمان بۆدیاری دەکات ئێمەلێرەدا لەچەند خاڵێک کۆیان دەکەینەوە کە ئەمانە گرنگترینیانن:

١-شەریعەتی پێ وایە (عرفان ,ئازادی, یەکسانی) سێ ڕەهەندی سەرەکی بوونن لەمرۆڤدا, گەورەترین بەدبەختی مرۆڤ لەدونیای مودێرندا بەهۆی نەبوونی ئەم سێ نیازە سەرەکیەیە(عرفان,ئازادی ,یەکسانی) گیانی مرۆڤ هەنگاونانە بەرەو کامڵبوونی تاک یان هەرقوتابخانەیەکی هزری پێویستە ئەم سێ کوچکەیە تیایداڕۆڵی سەرەکی ببینێت, بەتایبەت لەبونیاد نانی تاک یان کۆمەڵگا, هەروەها ئەم سێ نیازە سەرەکیانەپێوەرن بۆنیشاندانی ئەندازەی کامڵ بوونی هەرتاکێک یان قوتابخانەیەک,کەلەخۆیان بگرێت

وبەرجەستەیان بکات,(عرفان ,ئازادی, یەکسانی) بەتایبەت عرفان کە بە یەکێک لەبنەما سەرەکیەکانی هزری شەریعەتی هەژماردەکرێت,کەلەزۆربەی نووسین وگوتارەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە وبەسەرچاوەی چاک وبەهای مرۆڤی لەقەڵەم داوە, بۆیە پێی وایە گەوهەری ئایین عرفانە, ئەگەرچی پێناسەیەکی ڕاست ویەکلاکەرەوە لەبارەی عرفان بوونی نیە بەڵام دەکرێت بڵێین عرفان واتە هەست کردن بەنیگەرانی کەلەئەنجامی ئەو کەم کوڕیەی هەیەتی سەبارەت بە پەیوەندی خۆی لەگەڵ سروشتدا و بەشێوەی نیازوپێویستی لەم کەسەدا دەردەکەوێت,توێنێتی وپێویستی دووسەرچاوەی سەرەکی ڕەنگدانەوەی گیانی عرفانین لەمرۆڤدا، کە مرۆڤ بەهۆی نیازی بەم هەستە هەمیشە لەنامۆییدا ژیان بەسەردەبات, مرۆڤ وەک باڵندەیەکە خۆی وەک دیل وزیندانی لەنێوقەفەسدادەبینێت، خۆی بەم وبەولادا دەات بۆئەوەی ڕزگاری بێت و دەست بەفڕین بکات وپەروازبکات..(شەریعەتی) پێی وایە مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی زانست وهۆشیاری خۆی لەم سێ زیندانە(مێژوو,سروشت,کۆمەڵگا)ڕزگاربکات, بەڵام ڕزگاربوون لەزیندانی چوارەم (زیندانی خود)پێویستی بە یاخیبوونە بۆئەوەی ئازادی خۆی بەدەست بهێنێت,خەسڵەتی بوون وکامڵ بوونی مرۆڤ لەئازادبوونیدا ڕەنگدەداتەوە.(فصلنامەی عرفانی اسلامی,١٣٩٨,لا٢٤٤-٢٤٧)

مرۆڤێک کە عەقڵ و سۆزی لە ئامێزگرتبێ: مرۆڤی نموونەیی بەگوێرەی تێڕوانینی ئیسلامی ئەو مرۆڤەیە کە دوو ڕەهەندی لەخۆگرتووە (هەموو شۆڕشێک وەیان ڕاپەرین و ئایینێک لەدوو توخم پێکدێت (عەقڵ و سۆز).

دووەمیش (جوڵە و بزاوت) توخمی یەکەم هەست و نەست ڕوونبینی و مەعریفە دەورووژێنن و دروستی دەکەن، توخمەکەی دی جوڵە وجمە دەخوڵقێنێت، شۆڕشگێڕەکان شۆڕشەکانیان بەهزر و بیرومێشکی بیرمەندان و ڕووناکبیران بەرێوەدەبەن، بە دڵ و ناخی خەڵکانی جۆشدار خۆشەویستی دەردەبڕن، ئایین ڕوونبینیەکی عاشقانەیە، وە یان عەشقێکی پەرۆشدار و ڕوونبینە، هەست و مەعریفەی پەرۆشێتی و هەواداری و باوەڕیان لێ دەچۆڕێت لێرەدا هیچ جوداییەک لەنێوان ئاوەز و هەستدا بەدی ناکرێت، مرۆڤی نموونەیی بە ئاوەز و بەخۆشەویستی پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ خودادا بونیاد دەنێت.

٢-مرۆڤێک ژینگە و دەوروبەر دروستی نەکردوون بەڵکو دروستکراوی خۆیەتی و لە هەموو سەپێنراوەکان ڕزگاری بووە و لەم ڕووەوە ئازادو ڕەهایە (مرۆڤ بەدەستی خۆیەتی کە چارەنووس و ئازادی خۆی لەم سێ زیندانە ڕزگاربکات (سروشت و مێژوو و کۆمەڵگا) ئەم مرۆڤە بەموعجیزە باوەڕ و هۆشیاری خودی، توانای ئەوەی هەیەخۆی لەسەختترین ئەو زیندانانە ڕزگاربکات کە زیندانی دەروون و ناخە تاکو ببێتە دروستکار و داڕێژەری کەسایەتی خۆی و کۆمەڵگاکەی و مێژووەکەی و جیهانەکەی، واتە ئەم موعجیزەیە ئەو مرۆڤە نموونەییە وە یان واقیعییە هەڵدەکشێنێت بەرەو مرۆڤێکی ڕاستەقینە.(شریعتی ,١٣٦٥,لا١٨-١٢٠)

مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە کەخودی خۆی بەهێزی خوشەویستی بونیاد بنێت، ئازادی پەیوەندی بە گەوهەر و کرۆک و ناواخنی مرۆڤەوە هەیە، هەروەک چۆن بونەوەرێک ئازادی بژاردەکردنی هەیە و ئەم توانایە لەلای دروستکراوانی تر بوونی نیە و مرۆڤ لەنێوان ئەواندا پلەوپایەکی بەرزتری هەیە، ئەویش لەبەرئەوەی کائینێکی ژیرە و توانای ئەوەی هەیە سەپێنەرەکان تێپەڕێنێت و باز بدات بەسەر ئاستەنگ و بەربەستەکان، لێرەدا (محمداقبال لاهوری) باس لەمرۆڤ دەکات و ئیرادەی مرۆڤ و ئازادیەکەی دەچەسپێنێت

کـە بەرزتریـن ئـەو خەسـڵەتانەیە کەمـرۆڤ بـۆی هەیـە پێیـان بـگات و بەهۆیانـەوە بگاتـە ئاسـتی (کامڵبـوون)، (اقبـال) لێـرەدا زاتیەتـی مرۆڤـی موسـوڵمان دەچەسـپێنێت، وەکـو خودێکـی کارا و ئـازاد کـە کاروکردەوەکانـی خـۆی بـە ئیـرادەی سـەربەخۆی خـۆی هەڵدەبژێرێـت، ئـەم کار و کردەوانـە بـە تێگەیشـتنی (اقبـال) پابەنـدن بـە دەسـتوەردان وە یـان شـۆککردنیان بـە فەرمانـی خـودا، کەواتـە مـرۆڤ بـۆی هەیـە بگاتـە ئاسـتی (کامڵبـوون) بـە پشتبەسـتن بەخـۆی و بەتواناکانـی خـۆی. (شـەریعەتی) لەوباوەڕدایـە دروسـتکردنی کۆمەڵـگای نموونەیـی لـە فیترەتـی مرۆڤـەوە سـەرچاوەدەگرێت و لـەڕۆح و گیانیـەوە هەڵدەقوڵێـت کـە بـەدوای (کامڵبـوون) دا وێـل و سـەرگەردانە، لەسـەر ئـەم بنەمایـە شـەریعەتی داوا دەکات کـە کۆمەڵگەیەکـی ئیسـلامی دروسـت بێـت، بـەو بۆچوونـە کـە ئایدۆلۆجیەتێکـی ئایینیـە، ئـەو کۆمەڵـگە ئیسـلامییەی کـە (شـەریعەتی) بانگەشـەی بـۆ دەکات بێگومـان نموونەییـە، مەرجەکانـی کۆمەڵـگای نموونەییـش وادەخوازێـت کـە ئایدۆلۆژیبێـت، ئـەو لەوباوەڕەدایـە کـە ئیسـلام وەک ئایدۆلوژیایـەک وێنایەکـی تـەواوی هەیـە دەربـارەی کۆمەڵـگای نموونەیـی و مرۆڤـی نموونەیـی، بـە ڕای (شـەریعەتی) ئـەو پێویسـتە مرۆڤـی ئـازاد و خـاوەن ئیـرادە بێـت، بەرپرسـیار و داهێنـەر و خـاوەن بەهـا پیـرۆزەکان بێـت، کـە هەمیشـە لـە هـەوڵ و تێکوشـان دایـە بـۆ گەیشـتن بەترۆپکـی کامڵبـوون، (سـارتەر) دەڵێت:(گـەر مـرۆڤ دووچـاری ئیفلجـی بوویێـت لەزگماکـەوە و لەبـەر ئـەم هـۆکارە نەتوانـێ ببینێـت یـا ببێـت بـە پاڵـەوان ئـەوا لـەم حاڵەتـەدا هەرخـۆی کەمتەرخـەم و بەرپرسـیارە چونکـە مـرۆڤ هەرچەنـدە ئیفلیجیـش بێـت کـە چـی ئامادەگـی هـەر تێدایـە، هەرچەنـدە فاکتـەری سروشـتی و زگماگیـش هەبـن ,بـەڵام مـرۆڤ هـەر دەتوانێـت ببێتـە پاڵەوان.(شریعتـی,٢٠٠٨,ج١, ٥٥١)

## دەرەنجام:

١- چەمکـی مرۆڤبـوون یەکێکـە لەچەمکـە هـەرە گرنگەکانـی پێـش ودوای سـەردەمی ررۆشـنگەری ، کـە مـرۆڤ دەکاتـە سـەنتەر و پێـوەر بـۆ هەموشـتێک، بۆیـە لـەم سـەردەمە تێگەیشـتن و بایەخـدان بـەم بابەتـە زۆر پێویسـتە بـۆ تـاک و بـۆ کۆمەڵـگا، لەبەرئـەوەی ئێسـتا مرۆڤایەتـی لەدۆخێکـی خراپدایـە, شـەریعەتی لـە ڕێـگای بەرهەمەکانیـەوە هەوڵیـداوە ئێمـە بگەڕێنێتـەوە بـۆ چەمکـی مرۆڤایەتـی و بـۆ شـرۆڤەیەک کـە خـۆی لەبەرهەمەکانیـدا ئامـاژەی پێکـردووە..

٢- (شـەریعەتی) ڕۆشـنگەر و هزرمەنـدی بەتوانـا خـاوەن پێگـە و ئەزمـوون بـووە، خـاوەن پـرۆژەی تایبـەت بـوو لەبـارەی تازەگـەری لەهـزری ئیسـلامیدا، هەروەهـا خـاوەن بڕوانامـەی ئەکادیمـی بـوو بەتایبـەت لەبـواری کۆمەڵناسـی و لەهەمـان کاتیشـدا واقیعبینێکـی زۆر وورد و بەتوانابـوو، ئـەو لـە ئـازار و کێشـەکان تێدەگەیشـت و چارەسەرەکانیشـی دەخسـتە ڕوو..

٣- سـێ کوچکـەی (عرفـان ,ئازادی,یەکسـانی) بـە بنەمـای سـەرەکی هـزری شـەریعەتی هەژماردەکرێـت, (شـەریعەتی) مرۆڤدۆسـتێکی بـاوەڕدار و عارفێکـی مودێـرن بـوو، زۆر بـە زانسـتیانە ئامـاژەی بۆچیپەتـی و گەوهـەری مـرۆڤ کـردووە و هەنگاوەکانـی بـەرەو مرۆڤبـوون لـە ووتـار و نووسـینەکانیدا زۆر بـە ووردی بـاس کـردووە.

٤- (شـەریعەتی)باوەڕی بـە چەمکـی مرۆڤایەتـی (هیۆمانیـزم) هەبـوو ,بـەڵام بەشـرۆڤە و ڕاڤـەی خـۆی، ئەوهەوڵـی

داوه بەشـێوەیەکی لۆژیکانـە دیـد و بۆچوونەکانـی بخاتـە ڕوو، لەمیانـەی هەوڵەکانیـدا ئامـاژەی بـە بنەماکانـی مرۆڤبـوون کـردووه کـە بریتیـن لەچەنـد خەسـڵەتێکی سـەرەکی کـە دیارترینیـان ئەمانەن:(هۆشـیاری، یاخیبـوون، ئـازادی، ئیـراده) بـەڕای ئـەم بیرمەنـده ئـەم چوارخەسـڵەته مـرۆڤ بـەرەو مرۆڤبـوون دەبـەن.

٥- بێگومـان جیاوازیەکـی زۆر هەیـە لـە نێـوان مرۆڤـی فیزیکـی و ڕوواڵەتـی لەگـەڵ مرۆڤـی هۆشـیار و خـاوەن دیدوبۆچـوون، شـەریعەتی پێـی وایـە بـۆ گەیشـتن بـە پلـەی مرۆڤبـوون پێویسـتە بـە سەرکۆسـپ و تەگەرەکانـی (مێـژوو، سروشـت، خـود، کۆمەڵـگا) زاڵ بیـن تـا بتوانیـن بگەینـە مرۆڤێکـی نموونەیـی کـە عەشـق و یەکسـانی و دادپـەروەری لـەم مرۆڤـەدا ڕەنگبداتـەوە.

## الخلاصه

يتسـم مفهـوم الٱنسـنه بالمركزيـه المگلقـه, بحيـپ لايكمـن تصورالمفاهيـم الملصقـه بالانسـانيه المپـلى بالقفـز عـلى منگوق هـژه (المركزيه).ولايمكـن ايچـا اسـتگلاق مفهـوم الٱنسـنه اژا مـاكان الحـراك الانسـانى ملاصقـا للفكرالبـشرى أويركـزالى حافزمتوحـش والتـى تصـاغ عـن الدوافـع المؤنسـنه, لتشـكل تلكـم الدوافـع وتتبلـور فـى سـلوكيات الانسـان أنفـا چمـن حراكـه المجتمعـى , هژاهـو الانسـان الحقيقـى الٱنسـان هـو الكائـن الوحيـد الـژى لم يسـتگيع حتـى الٱن معرفـه نفسـه وژاتـه , فلـم يكـن بمقـدوره سيراغوارنفسـه التـى ينتمـى اليهـا , ليتحـول للغزمليـو بـالٱسرار والمبهـمات والگلاسـم التـى لايجـد لهـا تفسـيرا,كان هـژا الٱنسـان محـگ اهتـمام العلـماو والفلاسـفه عبرالعصوروالدهـور وفـى مختلـف الحچـارات الانسـانيه والتـى منـژ فجـر الخليقه,هـولاو الفلاسـفه ولووجوههـم شگرالدراسـات الٱنسـانيه وقاموبمحاولـه الپمينـه المؤنسـنهومن وجهـات ومتـاح مختلفـه وتقليبهـا علـه وجوههاورصدهـا لمعگـى تأريـخ مـن خـلال سـيرورتها عبرتقلبـات الٱحـداپ, اژ يشـكل الٱنسـان عصـب المژاهـب والتوجهـات الفلسـفيه سـواو النسـقيه منهـا أوغيـر النسـقيه, وژلـك عبرالحقـب التأريخيـه المختلفـه, وژلـك لتسـليگ الچـوو عـلى حقيقتـه مـن أجـل نفـچ الغبارعـن پيمنتـه وتجليـه مكانتهوتقديـم فهـم أفچـل وانجـح واو چـح مـا أمكـن الى ژلـك سـبيلا.

لقـد قـدم پلـه مـن المفكريـن والفلاسـفه ببـژل جهودهـم المعرفيـه والاخلاقيـه منهـم عـلى سـبيل المپـال الدكتور(عـلى شريعتى)الـژى خصصنـا لـه هژاالبحـپ لدراسـهأراوه وأفـكاره حـول مفهـوم الٱنسـنه والانسـان ومجملالفعاليـات الفكريـه التـى تنـدرج فـى نـگاق (الٱنسـنه), ففى مسـتهل هژا البحـپ وسـعيا الى الاحاگـه الكامله لفحوى (الٱنسـانيه) و(الٱنسـنه) ركزنـا عليهـما المصگلحـات مفتاحيـه ومـن پـم قمنـا بـشرح أراو (شريعتى)فـى هـژا المجـال وژلـك مـن خـلال قراواتـه المسـتفيچه حـول (التنميـه) والتـى بپهـا عبركتبـه ومحاچراتـه, حيـپ سـلگ الچـوو فـى مجملهـا عـلى ماهيـه الٱنسـان والتـى تعتبرمـن العنـاصر الٱساسـيه لفكـر شريعتـى بـل وركـن الركيـن لاراوه ومقولاتـه , لنشـيربعدژلك الى الخصائـص الرئيسـيه لٱنسـان عنـد (شريعتى)وژلـك بأجـراو مراجعـات جادهلافكاره الاسلاميه ومفاهيمـه التـى بپهـا حـول المفهـوم (الٱنسـنه), وكيفيـه معالجتـه للتيمـه ومواجههالعقبـات وعراقيـل الٱنسـنه أومايسـميه (شريعتـى) (بسـجن الٱنسـان)كما وقـد أسـتجلينا الگرائـق التـى سـارعلى هداهـا (شريعتى)فـى هـژا البحـپ بغيـه الوصـول الى الٱنسـنه الحقيقيـه وكيفيـه تحقـق الاكتـمال الانسـانى وصـولا الى الانسـانيه الشـامله والمفهـوم الحقيقـى الكامـل والشـامل للٱنسـنه.

# The Concept of Humanism by Ali Sharaati


## Abstract

The concept of humanism is characterized by absolute centralization, so that the conceptualization of the concepts attached to the ideal humanity cannot jump on the utterance of this (centrality). This is the real man. Man is the only being who has not yet been able to know himself and himself, he was not able to seraguar himself, to which he belongs, to turn to the mystery, full of secrets, ambiguities and incantations for which he does not find an explanation. These philosophers, with their faces divided into human studies, made an attempt to the precious human being from different points of view and available, flipping them over their faces, and monitoring them for a given history through their process through the fluctuations of events, as man forms the backbone of philosophical doctrines and trends, whether systemic or non-systemic, through the different historical eras, to shed light on his truth from dust, in order to shed light on his truth To clarify its position, to provide a better and more successful understanding, or to clarify, as possible, a way to do so. A group of thinkers and philosophers have made their cognitive and ethical efforts, for example, Dr. (Ali Shariati), to whom we have devoted this research to study his views and ideas about the concept of humanity and the human being and the totality of intellectual activities that fall within the scope of (humanity), at the beginning of this research and in order to fully encompass the content of (humanity). ) and (humanism), we focused on them as key terms, and then we explained the opinions of (Shariati) in this field, through his extensive readings on (development), which he transmitted through his books and lectures Where he shed light in its entirety on the nature of the human being, which is one of the basic elements of Shariati thought, and even the cornerstone of his opinions and sayings, to then refer to the main characteristics of a human being according to (Shariati) by conducting serious reviews of his Islamic ideas and concepts that he builds around the concept (humanism), and how to treat the Taima and face the obstacles and obstacles to his name as humanism. (Shariati) (in the prison of man), and we have clarified the methods that guided (Shariati) in this research in order to reach true humanism and how to achieve human completeness in order to reach universal humanity and the true, complete and comprehensive concept of humanism

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردی:

شەریعەتی: عەلی, مرۆڤ, وەرگێرانی:موسعب ئەدهەم, چاپ ناوندی بلاکردنەوەی سایە,سالی چ٢٠١٤,سلێمانی.

### سەرچاوەی عەرەبی:

-القرأن الكريم,مگبعهأنواردجله ,٢٠١٠,بغداد.
-هاشم صالح,مدخل الى التنوير الاروبى,نشر دار الگليعهللگباعه والنشر –بيروت ,گ الاولى .٢٠٠٥
-الجبران,عبدالزاق,على شريعتى وتجديدى الفكرالدينى,الناشرداراڵميرللپقافهوالعلوم,بيروت لبنان,گ١,سنه٢٠٠٤.
-انـدرى لالاند,موسوعهلالاندالفلسـفيه,تعريب :خليـل احمدخليل,المجلـد الپانى,منشـورات عويـدات –بيروت,باريـس گ١,سـنه ١٩٩٦
-تونى ديويس، اومانيسم، ترجمه عباس مخبر، نشر مركز، تهران، ١٣٧٨.--
كالين براون، فلسفه و ايمان مسيحى، ترجمه گاگەووس ميكائيليان، انتشارات علمى و فرهنگى، تهران، ١٣٧٥.-
-محمداركون,نزعهالانسـنه فـى الفكرالعربـى جيـل مسـكويه والتوحيـدى, ترجمه:هاشـم صالح,منشـورات الـدار سـاقى, بيروت,گ٢,سنه٢٠٠٦-
-كحيل,مصگفـى , تحـول مفهـوم الانسـان فـى فلسـفه الحداپـه ومابعدالحداپهمـن مـأزق انسـان التأليـه الى مـأزق انسـان التشـويه, مجلـه, اسـلاميه المعرفه,سـنه ٢٤,العدد٩٥,شـتاو٢٠١٩—١٤٤٠هـ.

### سەرچاوەی فارسی:

على شريعتى , اومانيسم اسلامى, ناشر بى تا ١٣٥٦تهران,
-شريعتى,على,مجموع أپار(٢٥)انسان بێ خۆد, سال ١٣٩١ تهران, انتشارات قلم,
شريعتى ,على,انسان، اسلام و مكتب هاى مغرب زمين,ناشرالهام, تأريخ نشر١٣٩٠,تهران.
علـى -شريعتـى، علـى (١٣٧٥ ،( مجموعـه ێپـار ١٧ ،اسـلام شناسـى ١) ، تـە هـى كننـده) دفـتر تـدو نـى و تنـڤ مـى مجموعـه ێپـار معلـم شـهيد دكـتر علـى شريعتـى، تهـران: قلـم
على-شريعتى,١٣٩١,انسان بى خود,مجموع اپار(٢٥),تهران,انتشارات قلم.
على شريعتى-١٣٩٠,اسلام شناسى ج١,مجموع اپار(١٧),تهران ,انتشارات قلم.
على شريعتى- ١٣٩٢,انسان,مجموع اپار(٢٤)تهران, انتشارات بنياد فرهنگى على شريعتى.
على شريعتى-١٣٨٠-جهت گيرى گبقات اسلام.مجموع اپار(١٠)تهران -انتشارات قلم, چ ٤.
على شريعتى-١٣٧٧-مژهب عليه مژهب,تهران,انتشارات  جابخش.
على شريعتى .مجموع أپار (٢٠) تدوين  دفتر دكترعلى شريعتى ,تهران انتشاراتقلم ج٤, ١٣٧٨)
شريعتى,على,هبوگ دركوير,مجموع اپار(١٣)تدوين دفتردكتر شريعتى ,تهران -انتشارات جابخش ١٣٦٥.

شریعتی.علی,جهارزندان انسان, ۱۳۸۹,تهران , ناشر قلم.

**گۆڤار:**

حنان فیچ الله الحسینی,اپرالرؤیەالتوحیدیه فی رسم ملامح الانسان عندعلی شریعیت وعلی عزت بیجوفیش,مجله اسلامیه المعرفه,العدد٩٥,سنه٢٠١٩)

انقلاب, امری سیاسی, یاگزیستانس:خوانشی پس کاوانه ازاندیشەی دکترشریعتی,گیتی پورزگی,فصلنامەی اندیشه سیاسی در اسلام,شماره (۱۸)زمستان ۱۳۹۷.

شریعتی,علی,تأریخ ومعرفه الادیان,ترجمه:حسین نصیری,تحقیق منژر ال خلیفه, دار الامیرللپقافه والعلوم,بیروت,گ۱,